# ئافرەت وەک خۆی

# ئافرەت وەک خۆی

عومەر عەلی غەفوور

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

عومەر عەلی غەفوور
ئافرەت وەک خۆی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٨٠
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٠٧٢ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. تریسکە ئەحمەد

## پێشەکی

وێڕای هەموو هەوڵ و هەموو هەنگاوە گەورەکانی مرۆڤایەتی بۆ کۆتاییهێنان بەو ستەم و نادادپەروەرییەی لە ئەنجامی ناهاوسەنگیی توانا فیزیکییەکانی نێر و مێوە بەرامبەر ئافرەتان دەکرێ، وێڕای ئەوەی ئافرەتان پێشکەوتنێکی رێژەییی گەورەیان لەو رووەوە بەدی هێناوە، توانیویانە بەشدارییەکی کارا و بەرچاو لە سەرجەم رشتە جۆرەوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، زانستی و تەنانەت سەربازیشدا بکەن، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتە پێوەندیدارە نێودەوڵەتییەکان هێشتا لەسەر ئاستە گەردوونییەکە زۆر ماوە بتوانین ئیدیعای ئەوە بکەین کە مرۆڤایەتی لە دۆسیەی مامەڵەکردن و بەشداریی ئافرەتان و بنبڕکردنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتاندا، کە نیوەی مرۆڤایەتی پێک دێنن، بروانامەی ئەستۆپاکی وەرگرتووە.

لە ساڵی ١٩٨١ەوە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان رۆژی ٢٥ تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری بە رۆژی بەگژداچوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان راگەیاندووە و ساڵانە لەو رۆژەدا رێکخراوەکانی ئافرەتان و داوودەزگا رەسمییە پێوەندیدارەکان چالاکی و رێورەسمی جۆرەوجۆر ئەنجام دەدەن، بەڵام هێشتایش ئامارەکان مەترسیدارن.

بەپێی توێژینەوەیەک توندوتیژی دژ بە ژنان لە هەموو کۆمەڵگەکاندا هەیە، چ دواکەتووەکان و چ پێشکەوتووەکان. بەپێی توێژینەوەیەک (٢٠٠٥):

- ٤٧٪ی ئافرەتان لە ئوردن دووچاری لێدان دەبن.
- ٩٥٪ی قوربانییانی توندوتیژی لە فەرەنسا ئافرەتن.

– له هیندستان له کۆی ١٠ ئافرەت ٨یان قوربانیی توندوتیژین.

– له راپرسـیـیـەکدا کـه ٣ هەزار پیـاوی کـرواتی گـرتەوه، ٨٥٪یان دانیـان بەوەدا ناوه که له ئافرەتیان داوه، جا لەنێو خێزاندا بێ یان له دەرەوه.

– له مـیسـر له هەرسـێ ژن یەکێکیـان لـه مـاوەی هـاوسـەرداریدا لانی کـەم جارێک لەلایەن مێردەکەیەوه لێی دراوه.

– هەروەهـا رێکخــراوی نێــودەوڵەتیی ئـافــرەتان (یۆنیـگۆم) رای گــەیاند بەناوبـانگترین شـێـوەی بڵاوی توندوتیـژی دژ به ئافـرەتان لـه سـەرتاسـەری دنیادا دیاردەی خەتەنەکردنه و ساڵانه ١٢٠ ملیۆن ئافرەت خەتەنه دەکرێن.

– هەروەهـا بـەپێی راگـەیەنراوەکـانی رێکخـراوی لێـبـووردنی نێـودەوڵەتی ســاڵانه ٧٠٠ هـەزار ئافــرەت له وڵاتـه یەکگرتـووەکــانی ئەمـــەریکا تـووشی دەستدرێژیی سێکسی (ئیغتیساب) دەبن.

– له باشـووری ئەفـریقـیـا رۆژانه ١٤١١ ئـافـرەت ڕووبەڕووی دەسـتـدرێژیی سێکسی دەبنەوه.

– له بەنگلادیش کوشـتـنی ئافرەتان لـەلایەن مـێـردەکانیـانـەوه ٥٠٪ی کۆی حاڵەتەکانی کوشتن پێک دێنێ.

– له بەریتـانیـا پیـاوانی پۆلیس هەر خـولەکـێک جـارێ تەلەفـونێکیـان لەو ئافرەتانەوه پێ دەگات کـه ڕووبەڕووی توندوتیـژیی خێزانی بوونەتەوه و داوای یارمـــەتی دەکــەن. (بڕوانه لێکۆڵینـەوەیەک بەناونـیـشــانی "العنف ضـد المرأة، الاسباب والنتائج"، حسین درویش العادلي، کۆواری (النبأ) ژماره ٧٨، ٢٠٠٥, مالپەڕی النبأ).

دوکتۆره سـوهـەیله زەینولعـابدین حـەماد لـه وتارێکیدا بەنـاونیشـانی "العنف ضـد المرأة" دەڵێ "بەپێی ئامـارەکـان ملیـارێک ئافـرەت بەدەست توندوتیـژیی خێزانییەوه دەناڵێنن، ساڵانه ملیـۆن و نیوێک ژنی فەرەنسـایی بەدەست لێدانی مـێـرد یان (بۆی فـرێند)ەکـانیـانەوه دەنـاڵێنن. تاوانەکـانی (ئیـغـتـیـسـاب) له ئەمەریکا له ساڵی ١٩٩٥دا گەیشتووەته ٩٧ هەزار تاوان و ٤٧٠٠ ئـافرەت لەو

ساڵەدا کوژراون. ئاژانسی هەواڵگریی ئەمەریکایی (CIA) ئاشکرای کردووە ساڵانە ٥ هەزار ئافرەت و منداڵ بەقاچاخ دەهێنرێنە ئەمەریکا و ناچار بە کاری بەدڕەوشتی یان خزمەتکاری، لە بارودۆخێکی دژواردا، دەکرێن. بەپێی ڕاپۆرتێک کە تیمێکی لێکۆڵینەوە لە زانکۆی جۆن هۆبکنز لە ویلایەتی میریلاندی ئەمەریکا ئامادەیان کردووە، ساڵانە ٢ ملیۆن ئافرەت و منداڵ وەک کۆیلە دەفرۆشرێن. (ماڵپەڕی ئەلعەرەبییە نێت).

ماڵپەڕی "سوریا الیوم" لە ٢٥ ئەیلوول/سێپتەمبەری ٢٠١٠دا رای گەیاند، بەپێی توێژینەوەیەکی مەیدانی، لە سووریا لە هەرسێ ئافرەت، ئافرەتێک لەنێو خێزانەکەیدا ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە.

توێژینەوەکە، کە لەلایەن دەستەی سووریایی بۆ کاروباری دانیشتوان و سیپەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان ئامادە کراوە و ٥ هەزار ئافرەتی وەک نموونەی کۆمەڵگەی سووری لەخۆ گرتووە، تیشکی خستووەتە سەر ئەو جۆرە توندوتیژییەی لە خێزانەکاندا لەسەر بناغەی رەگەز دێتە ئەنجامدان. (ماڵپەڕی ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس (ئاکانیوز)، لە ٢٦-٩-٢٠١٠).

لە هەرێمی کوردستانیش، بەپێی ڕاپۆرتێکی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم، کە لە ٢٠ تەمووز/یۆلیۆی ٢٠١٠دا ئاشکرا کرا، لە ٦ مانگی یەکەمی ئەو ساڵەدا -وەک نموونە- حاڵەتەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) بەم شێوەیە بووە: ٥٩ حاڵەتی کوشتن، ٢٠٧ حاڵەتی سووتان، ١٠٣٨ حاڵەتی تۆمارکردنی سکاڵا، ٦٧١ حاڵەتی ئەشکەنجەدان و ٦٣ حاڵەتی توندوتیژیی سێکسی دژ بە ئافرەتان تۆمار کراون. (ماڵپەڕی ئاکانیوز).

بۆ بنبڕکردنی توندوتیژییەکان تەنیا گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئیداری و یاسایی، یاخۆ ڕێپێوان و دەرکردنی بەیاننامەی نارەزایی یان سازکردنی مەراسیمی یادکردنەوە و بڵاوکردنەوەی پۆستەرات، یان تەنانەت سەروگوێ کوتانەوەی کولتووری دواکەوتووی کۆمەڵگەیش بەس نین، بگرە دەبێ لە

ریشــەوە کـار بۆ بنبـڕکـردنی بکرێ، ئەویش بـە لە ریشــەوە هەڵتـەکانـدنی ئەو فــەلســەفــە و زەوینـە ڕۆحـیــیــەی بناغــە و بەرهەمــهــێنـەری توندوتیـژی و ناعـەدالەتییـەکانـە، کـە باوەڕبوونـی ڕەگـەزی نێـرە بەباڵادەسـتیی خـۆی و پلە دوویی و پاشکۆیەتیی ئافـرەت، هەروەهـا خـووگـرتنی ڕەگـەزی مـێـینـەیە بەو وێنەیەی پیـاوان بۆیان کێشـایەوە و هەوڵدانیـان بـۆ خۆگونجاندن لـەگەڵ ئەو دۆخـەدا، یان یاخیبوونـی رادیکالانەی – ڕەگەزی مێ – لە کۆی ئەو سیسـتمـە باوە و هەوڵدان بۆ ئەوەی ئەو هـێـزە لە پیـاوان بسـەنێـتـەوە و خـۆی ببـێـتـە سەنتەری شتەکان.

ئەم بابـەتە چەند هەنگاوێکی لەخـۆبـووردوانەیە بۆ سـازکـردنی زەوینـەیەکی ڕۆحیی ئینسـانی لە ناخی تاکەکانی هەردوو ڕەگەزدا، کـە بەبێ یەکتر ناژین، بەشـێوەیەک هـەردوولا ئەو باوەڕەیان لەلا بچـەسـپێ کـە چ پیـاو چ ئافـرەت لە کەسـایەتیی مرۆڤایەتیدا یەکسـانن و پێویسـتە ئەو یەکسـانییە مرۆڤایەتییە لە بوارە جـۆرەوجـۆرەکـانی ژیانیـاندا ڕەنگ بداتـەوە. بەبێ ئـەوەی بچـێـتــە ناو وردەکاریی چۆنیەتیی دابەشکردنی ئەرک و مـافەکانەوە، چونکە گرینگ بنـاغە ڕۆحییەکەیە.

لە کتێبی "مـافی ئافرەت لە نێوان ڕەگەزسـالاری و مـرۆڤسـالاریدا، ١٩٩٧" ئامـاژەم بەوە دا کـە ئەو کـتـێبـە "هەنگاوێکە بەرەو هـاوسـەنگیی دەسـەڵات لە نێـوان ئافـرەتان و پیـاوان"دا، دوای ١٤ سـاڵ لـە دەرچوونی ئەو کـتـێـبـە، ئەم کـتـێـبـەیش، کـە بابەتەکـانی لـە بۆنە و کـاتی جیـاوازدا نووسـراون و لێـرەدا پێــداچوونەوەیان بـۆ کـراوە و بۆیـان زیاد کـراوە، دەچێـتـە خــانەی هـەمــان فەلسـەفەی کتێبی پێشوو، واتە دەبێتە هەنگاوێکـی تر بەرەو ئەو هاوسەنگییە خوازراوە.

بە ئومێدی ئەوەی ئەمیش ببێتـە خشتێکی بەسـوود و جێگەدیار لە تەلاری هەوڵە ئەخـلاقی و مـرۆڤپـەروەرانەکانمان بۆ گـەیشـتن بە کۆمـەڵگەیەکی خـاڵی، یان لانی کەم نیمچە خاڵی لە ستەم و ناعەدالەتی.

عومەر عەلی غەفوور

## ئافرەت وەک خۆی

بۆچی ئێمە بەڵگە لەسەر بۆچوونەکانمان دەهێنینەوە لە کاتێکدا هەندێ جار لە ناخی خۆماندا یەقینی تەواومان هەیە بە راستیی بۆچوونەکانمان لە مەسەلەیەکی دیاریکراودا، تا ئەو رادەیەی لە عەقڵ و سەلیقە و تەنانەت جیدیەتی ناحەزەکانمان دەکەوینە گومانەوە، کە چۆن مەسەلەیەک راستییەکەی هێندە روون و لە بەرچاوانە کەچی ئەوان بە راستی نازانن؟

ئەم گومانە دەگاتە ئەوەی هەندێ جار سەر بکێشێ بۆ بەدگومانبوونمان لە نیەتی نێو ناخی بەرامبەرەکە بەشێوەیەک سووربوونی لەسەر قایل نەبوون بە بەڵگەکانی ئێمە بەکەللەڕەقی و مەرامی دوژمنکارانە لێک بدەینەوە و دوور نییە حوکمی سەختگیرانەی لەبارەوە بدەین.

ئەم مەنتیقە زیاتر لە ململانێی باوەڕ و ئایدیۆلۆجیا ناکۆکەکاندا دەبینرێ، کاتێ هەر لایەکیان یەقینیان بە بنەما فیکری و عەقائیدییەکانی خۆیان هەیە و بە راستیی رەهای دەزانن، لە کاتێکدا بەرامبەرەکانیان کۆی ئەو بەڵگانە بە پڕوپووچ و بێ بنەما و لاواز دادەنێن و لە بریی ئەوە بەڵگەکانی خۆیان بە راستیی روون دادەنێن.

لێرەوە هەریەکەیان مل نەدانی بەرامبەر بە بەڵگەکانی ئەو بەکەللەڕەقی و نازانستیبوون لێک دەداتەوە و بە فتوای کافرکردن، بەخائینکردن و بەکرێگیراوی بێگانە و چەندان تۆمەتی تر تۆمەتباری دەکەن.

ئەمە بەشێکە لە سروشتی عەقڵی بەشەری و پێویستی بەشیکردنەوە هەیە، نەک تەنیا سووکایەتی پێکردن و رەتکردنەوە.

بۆچی ئێمە بەڵگە لەسەر راستیی بۆچوونەکانمان کۆ دەکەینەوە؟

دەكرێ بڵێین بەشێ لە وەڵامی ئەو پرسیارە لەوەدایە كە ئێمە بەو كارەمان، جا بەخۆمان بزانین یان نا و دانی پێدا بنێین یان نا، پێشانی دەدەین راستی (حەقیقەت) بەو شێوەیە روون نییە كە ئێمەی مرۆڤی خاوەن دیدگای جیاواز بیری لێ دەكەینەوە و وێنای دەكەین، ئەگینا پێویستی بەبەڵگە نەبوو. هێنانی بەڵگەكان شەرعیەتدانە بەوەی راستییەكان وەك پێویست روون نین و پێویستە روون بكرێنەوە، بۆ ئەوەیش بەردەوام لە هەوڵی ئەوەداین زۆرترین گۆشەنیگا بۆ تێڕوانینی شتەكان بەكار بێنین، تا زۆرترین كەس، كە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە بیر دەكەنەوە و شتەكان دەبینن، قەناعەتی پێ بكەن.

ئێمە ئەم پرسیارە بۆ ناو بابەتەكەی خۆمان دەگوێزینەوە و دەپرسین : بۆچی ئێمە "مەبەست مرۆڤە بە گشتی" خۆمان هێندە ماندوو دەكەین تا بیسەلمێنین كە ئافرەت و پیاو یەكسانن، یان یەكسان نین؟ مادام هەردووك مرۆڤن ئیدی ناكۆكی لەسەر بەها و تایبەتمەندی و ماف و ئەركی ئینسانییان چ پاساوێكی هەیە؟ ئەم ململانێیە لە كاتێكدایە زۆرێك لە لایەنگرانی هەردوو قوتابخانەكە "ئەوانەی باوەڕیان بە یەكسانی هەیە و ئەوانەی باوەڕیان بە جیاوازی هەیە" بە متمانەوە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن كە بۆچوونەكەی ئەوان حەقیقەتە و گومانی تێدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لایەك لە گوشینی مێشكی بۆ داهێنانی بەڵگەی نوێ لەسەر راستیی بۆچوونەكەی بەردەوامە.

دەڵێن لە مەجلیسێكدا باسی زانایی ئەبوحامیدی غەزالی كرا، یەكێ لە ئامادەبووان وتی: "ئیمامی غەزالی ئەوەندە زیرەكە ٨٠ بەڵگەی لەسەر بوونی خوا هێناوەتەوە". یەكێكی تر لە ئامادەبووان لەسەر ئەو قسەیە هەڵدەداتێ و دەڵێ: "دیارە ٨٠ گومانی لە هەبوونی خوا هەبووە، لەبەرئەوە ٨٠ بەڵگەی بۆ سەلماندنی هێناوەتەوە!". لە راستیدا ریزكردنی بەڵگەكان لەسەر یەكسانی، یان نایەكسانیی ئافرەت و پیاو بەڵگەی ئەوەیە گومان و ناڕۆشنییەك لە بابەتەكەدا هەیە كە بۆ رەواندنەوەی پێویست بە بەڵگەهێنانەوە دەكات. هەر لایەكیش بەڵگەی خۆی هەیە.

ئەگەرچی جیاوازیی بیروڕا لەسەر یەكسانیی بەها و تایبەتمەندیی ئینسانی

نەک تەنیا لەسەر هەردوو رەگەز، بگرە هەندێ جار لەسەر جیاوازیی رەنگی پێست و زمان و چینی کۆمەلایەتی و شارستانییەتیش سەری هەلداوە و هەندێ لەو نەتەوە و رەگەزانە خۆیان بە رەگەزێکی بالاتر لەوانی تر لە قەلەم داوە، لەوانە لە مێژووی کۆن و ناوەندا دەتوانین، وەک د. حوسێن موئنیس دەلێ، ئاماژە بۆ یۆنانییەکان، رۆمانەکان، چینییەکان، هیندییەکان بکەین[1]. جوولەکە خۆیان بە گەلی هەلبژێردراوی خوا دادەنێن، ئەلمانەکان لە نیوەی یەکەمی سەتەی بیستدا دروشمی (ئەلمانیا لە سەرووی هەمووانەوەیە) و بەریتانیاییەکان دروشمی (بەریتانیا لە سەروو هەمووانەوەیە)یان بەرز کرد بووەوە.

بەلام ئەو جیاوازییەی لەسەر بەهای دوو رەگەزەکە "نێر و مێ" لە ئارادایە تایبەتمەندییەکی هەیە کە لەوانی تردا نییە، ئەویش ئەوەیە کە دەمەتەقێ لەسەر یەکسانیی دوو رەگەزەکە جگە لە رەهەندە ئاسۆییەکە "لەسەر ئاستی جیهان"، لەسەر ئاستە ستوونییەکەیش (لە ناوەخۆی هەر چین، نەتەوە، شارستانێتی.. هتد یەک) بوون و درێژەی هەیە. لەنێو هەموو ئەو کۆمەلگایانەدا هەمان زەوینەی سەرهەلدانی جیاوازی لەسەر بیرۆکەی یەکسانیی رەگەزی لە ئارادایە.

لەلایەک ئەوانەی پێیان وایە ئەو جیاوازییەی لە نێوان پلە و پایە و رۆڵ و مافی پیاو و ئافرەت لە کۆمەلگە هاوچەرخەکان و لە کۆمەلگە مێژووییەکانیشدا بەدی دەکرێ تەنیا بە تەفسیری پیلانگێری و تۆمەتبارکردنی پیاوان و بەستنەوەی هۆکارەکە بە کارتێکەرە بابەتی و دەرەکییەکانەوە لێک نادرێتەوە، بگرە هۆکارە سەرەکییەکە و بناغەی جیاوازییەکە بە پلەی یەکەم زاتی و پێوەستە بە سروشتی پێکهاتەی بایۆلۆجیی ئافرەت، هەر ئەوە وای کردووە کە رەگەزی ئافرەت پلە دوو بێ چونکە "دابەشکردنی کار لە نێوان ئافرەت و پیاودا لە هەوەڵ رۆژەکانی مێژووی تیرەی بەشەرەوە، کتومت وەکو ئەم دابەشکردنە باوەی ئەمرۆکە بووە، کاری پیاو لە دەرێی ماڵە و کاری ئافرەت لەنێو ماڵ و خێزاندایە"[2].

ڤایرستۆن لە کتێبی "دیالێکتیکی سێکس"دا پێی وایە "ئافرەت بە حوکمی

لاوازیی بەدەنی خۆی هەردەم پشتی بە پیاو بەستووە، جا ئەو پیاوە چ برا یان مێرد یان باب بووبێ"[٣].

هەرچی هۆکارە بابەتییەکان و پاڵەپەستۆکانی پیاوە - بەپێی ئەم بۆچوونە - زیاتر هۆکاری دووەمی و بەرەنجامێکی راستەوخۆی سروشتی پێکهاتە بەدەنییەکەی ئافرەتە. لەخۆوە نییە جڵەوی هێز و دەسەلاّت لەنێو خێزان و لە بازاڕ و داوودەزگا کۆمەلاّیەتییەکان و لەنێو داوودەزگاکانی دەوڵەت و لە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا بە پلەی یەکەم بەدەست پیاوانەوەیە و ئافرەتان دەورێکی سانەوییان هەیە و حاڵەتەکانی بالاّدەستیی ئافرەت لە سنووری دەگمەن و نموونەی سنووردار دەرنەچووە.، بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانەدا کە بیرۆکەی یەکسانیی رەگەزی و ئازادی و مافی ئافرەت لە فێربوون و بەشداریکردنی ژیانی سیاسی و ئابووری و زانستی و... هتد لە سەرەتاکاندایە. لە کوێت ساڵی ٢٠٠٦ بۆ یەکەم جار رێ بە ئافرەت درا دەنگ بدات و خۆی بپاڵێوێ. لە سعوودیە لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێلیشی لێ قەدەغەیە.

بیرمەندێکی گەورەی وەک عەباس مەحموود عەقاد (١٨٨٩-١٩٦٤) پێی وایە ئافرەت هەر بە سروشت چاوی لە دەستی پیاوە تەنانەت لەو بابەتانەیشدا کە دەبوو ئافرەت سەرچاوە و مەرجەع و سەرمەشقی پیاوان بێ، وەک لە مەسەلەی پاکوخاوێنی، شاعیرییەت، دروومانی و ئامادەکردنی خۆراک و دانانی بنەماکانی ئەخلاق "بەحوکمی ئەوەی ئافرەت لە لەدایکبوونەوە تا مردن ئامێزی رەگەزەکەی تر و منداڵە بەگشتی". عەقاد دەڵێ لە هەموو دنیادا ئەوانەی لە ئامادەکردنی خواردن و درووماندا دەستڕەنگینن پیاو بوون نەک ئافرەت، هەروەها ئافرەت هەموو کات بەها و یاسا ئەخلاقییەکانی لە پیاوەوە وەردەگرێ.[٤] ئەگەرچی لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا تا ڕادەیەکی بەرچاو ئەو تەوقە شکێنراوە و هەنگاوی کردەیی بەرەو یەکسانکردنی هەردوو رەگەز لە بەها و ماف و ئەرکدا هاوێژراوە، ئافرەت تا ڕادەیەکی بەرچاو جێی خۆی لە ناوەندە کاریگەرەکانی کۆمەڵگەدا کردووەتەوە، بەلاّم حاڵەتەکەی ئەوێش لە دوو رووەوە قسە هەڵدەگرێ:

یەکەم: لەو رووەوە کە پێشکەوتنەکەی ئافرەت و هەنگاوەکانی بەرەو یەکسانی لەگەڵ پیاو بەرەنجامێکی راستەوخۆی جموجۆڵی تایبەتی ئافرەت و بە پشتبەستن بە سروشت و توانا زاتییەکانی خۆی نەبووە، بگرە زیاتر بەرەنجامی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی تایبەت و گەشەکردنی فەلسەفەیەکی ئینسانی بووە یان کودەتایەکی سیاسی بووە و بەو پێیە پیاوان بە ئەرکی ئەخلاقی و ئینسانیی خۆیانیان زانیوە کە کۆسپەکانی بەردەم ئەو رەگەزە پاشکەوتووە تەخت کەن و رێگە بۆ هاتنەپێشەوەی بۆ نێو کۆڕی چالاکیی ژیان خۆش بکەن. تەرخانکردنی ٢٥٪ی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق لەلایەن پۆل برێمەری حاکمی مەدەنیی ئەمەریکاوە دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن (١٩٧٩-٢٠٠٣) وەک کۆتا بۆ ئافرەتان و دواتر چەسپاندنی ئەو رێژەیە لە عێراقدا و تەرخانکردنی ٣٠٪ی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئافرەتان، بەڵگەیەکی زیندووی ئەم حاڵەتەیە.

واتە ئەوە تواناکانی ئافرەت نەبوون کە لە پڕ تەقیونەتەوە و ئەو گۆڕانکارییەیان لە سەدەی نۆزدە و بیستدا بەسەر کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی دنیادا سەپاند، بگرە زیاتر سوود وەرگرتنی ئافرەتان بوو لەو بوارەی کە پیاوان بڕیاریان دا بە ئافرەتی بدەن. ئاخر ئەگەر بەم شێوەیە نەبێ دەبوو ئەو هەنگاوە بەرەو یەکسانی لە سەرەتاکانی ژیان لەسەر زەوی دەستی پێ بکردایە. ئەوە کە حاڵەتەکە لەو کۆمەڵگایانەی کە بوار بە ئافرەت نادرێ بێتە مەیدان ئافرەت نەک نایەتە مەیدان بگرە زۆر لە پێگەی خۆیشی رازییە و بوونی ئەو گەورە و بچووکییە بەحاڵەتێکی ئاسایی و سروشتی دەزانێ، بەڵگەی ئەوەیە کە بەبێ دەسبار و دەستگرتنی پیاوان زەحمەت بوو ئافرەت بێتە پێش.

کاتێ حکوومەت بڕیار دەدا لە ماوەی سکپڕی و منداڵبووندا مووچە بداتە دایکان و بەمە هەلی کارکردن و توانای ئابوورییان پەرە پێ دەدات، ئەمە بڕیارێکی دەرەکییە و هاوکارییەکی پیاوانەیە بۆ رەگەزەکەی تر تا بتوانن لەو ماوەیەدا بژین.

کاتێ پۆل برێمەری حاکمی مەدەنیی ئەمەریکایی لە ٢٠٠٣دا پاڵپەستۆ

دەخاتە سەر حکوومەتی عێراقی تا ٢٥٪ی پۆستەکانی حکوومەت بۆ ئافرەت تەرخان بکات و سەرەنجام ئافرەت دێتە مەیدان، یان پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٩دا ئەو ڕێژەیە بۆ ٣٠٪ بەرز دەکاتەوە، ئەمە زیاتر بەبڕیارێکی ئۆردووی پیاوان، نەک خەباتی خودی ژنان، بەدەست هاتووە، هەر بۆیە لە پڕیش پاشەکشە دەکات بەبێ ئەوەی هیچ لە واقیعەکە بگۆڕێ، ئەوەبوو لە کابینەی شەشەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا تەنیا یەک ژن پۆستی وەزارەتی وەرگرت لە کاتێکدا لە کابینەی پێنجەمدا ٤ وەزیری ژن هەبوون.

هەمان حاڵەت لە کابینەی دووەمی مالیکیشدا، کە لە مانگی ١٢ی ٢٠١٠دا خستیە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دووبارە بووەوە کاتێ لە کۆی ٣٢ وەزارەت تەنیا وەزیری دەوڵەتێک بە ئافرەت درا و هیچ وەزارەتێکی سەرەکیی پێ نەدرا. ئەوە بوو ئالا تاڵەبانی بە توندی رەخنەی لەوە گرت و داوای کرد وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئافرەتانیش بدرێتە پیاوێک. ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە بەبێ بڕیارێکی سەرەوە ئافرەت لە توانایدا نەبووە خۆی فەرز بکات دەنا بۆچی کەس بیر لەوە ناکاتەوە پاڵەپەستۆ بەکار بێنێ لە پێناو تەرخانکردنی ڕێژەیەک لە پۆستەکان بۆ پیاو؟

لە حاڵەتی یەکەمدا ئافرەت پێویستی بە یاریدەدەرێکی دەرەکییە، هەرچی حاڵەتی دووەمە پیاوان بە توانای خۆیان جێی خۆیان کردووەتەوە.

تا ئافرەتیش نەتوانێ بەپشتبەستن بە توانا زاتییەکانی خۆی و بەبێ دەستباری پیاوبوون و قورساییی خۆی فەرز بکات، ئەو دەسکەوتانەیش کە بەو شێوەیە و بۆ خۆمیکیاجدان دەستەبەر دەکرێن کاتی و دوابڕاو دەبن، چونکە هەر کات پاڵەپەستۆکە نەما حاڵەتەکە وەک سپرینگ دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی.. ئەوە بوو لە کابینەی پێنجەمی حکوومەتی هەرێمدا ڕێژەی ئافرەتان دابەزی بێ ئەوەی ئافرەتان بتوانن ڕێ لەوە بگرن و لە کابینەی شەشەمدا تەنیا یەک ئافرەتی وەزیر مایەوە.

ئەمە قەت بەو واتایە ناڵێم کە دەستگرتنی ئافرەت کارێکی خراپە، نەخێر زۆر باشە، وەک چۆن دەستگرتن و هاندان و بەگەڕخستنی تواناکانی هەموو

چین و توێژێکی کۆمەڵ گرینگە، بەڵام مادام ئێمە باس لە توانا زاتییەکانی هەریەک لە ئافرەت و پیاو دەکەین، ئەوە دەبێ ئاماژە بەو راستییە بکەین کە خودی "دەستگرتن" و "بەزۆر جێکردنەوە و پۆست پێدان"ەکە بەڵگەی ئەوەیە ئافرەت پێویستی بە هۆکارێکی یاریدەری دەرەکی هەیە، تا بێتە سەر خەتی کارایی لە ژیاندا، ئیدی رەنگە دواتر بیسەلمێنێ تواناکانی لە کارکردن و داهێناندا لە پیاو کەمتر نییە، بەڵام دەبێ ئەو فەزڵە بە پیاو بدات کە ئەو دەرگەی دۆزینەوە و دەرخستنی تواناکانی پێ دا.

دووەمیان لەو رووەوەیە کە لەلایەک هێشتا لەوێش ئافرەت بەشێوەیەکی سنووردار بەشداری ئیدارەکردنی ژیانی گشتی دەکات و نەیتوانیوە ئەو یەکسانییە یاسایی و رۆحییەی بەدەستی هێناوە لە واقیعدا بەرجەستەی بکات. ئێستەیش رێژەی ئەو ئافرەتانەی پلەکانی یەکەمیان لە سەرکردایەتیی سیاسیی وڵاتانی پێشکەوتووی دنیادا وەرگرتووە زۆر زۆر کەمترە بە بەراورد بە رێژەی پیاوان. تا ئێستە هیچ ئافرەتێک نەبووەتە سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، رووسیا، یان فرەنسا- بۆ نموونە.

لە بەرپەرچدانەوەی ئەم قسەیەدا زۆرجار دەوترێ ئەوە نییە لە بەنگلادیش، فینلەندا، ئەڵمانیا و فیلیپین ئافرەت پۆستی سیاسیی یەکەمی وەرگرتووە، ئەوە نییە ئەوەندە وەزیر و ئەندام پەرلەمانی ئافرەت لە کوێ و کوێ هەیە. ئەم بۆچوونە ئەگەرچی بە رواڵەت بەڵگەی ئیسپاتە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەڵگەی نەفیشی لێ دەخوێنرێتەوە، چونکە کەس نایەت بە ژماردن بیژمێرێ کە چەند سەرۆکی پیاو لە جیهاندا هەیە، یان چەند سەرکردەی سەربازی و چەند سەرۆک وەزیران و سەرۆکی حزب و پەرلەمانتار و وەزیر و زانای پیاو لە کوێ و کوێ هەیە، چونکە ئەوە بووەتە حاڵەتێکی سروشتیی ئەوتۆ کە سەرنج راناکێشێ و پێویست بە جەرد ناکات.

بەڵام کاتێ دێیت و بە پەنجە ژمارەی ئافرەتە هەڵکەوتوو و پایەدارەکانی دنیا، لەنێو دەریایەک پیاوی هاوشێوەیدا، دەژمێریت، بەمە لە بریی پشت ئەستوورکردنی بیرۆکەی یەکسانی، گورزێکی لێ دەدەیت، چونکە بە زمانی

ژماره دەیسەلمێنیت کە وێڕای ئاسانکارییەکانیش ئافرەت هەر نەیتوانیوە بە پیاودا بگاتەوە. لەلایەکی ترەوە، لە لایەنە رۆحییەکەشەوە هێشتا ئافرەت لە وڵاتانی پێشکەوتووش نەیتوانیوە بە تەواوی لە سێبەری پیاو قوتار بێت و پاشکۆ نەبێ. ئەوەتە لە ئەوروپا و ئەمەریکا نەسەبی ئافرەت لە بریی باوکی خۆی دەدرێتە پاڵ باوکی مێردەکەی، لە نموونەی: نانسی رێگن، لورا بوش، هیلاری کلینتۆن، دانیال میتران. خاتوونە یەکەمەکانی میسریش لاسایی ئەوروپاییەکانیان کردووەتەوە: جیهان سادات، سوزان موبارەک.

ئەمە جگە لەوەی هێشتا نەسەبی منداڵ دەدرێتە پاڵ باوکی نەک دایکی و ناوی دایکی بزرە، ئەمە لە کاتێکدا لە کۆمەڵگەکانی ئەوروپادا دیاردەی بوونی منداڵی ناشەرعی کە لە ئەنجامی پێوەندیی سێکسیی دەرەوەی خێزان لەدایک دەبن، بەربڵاوە و زۆرجار باوکی راستەقینەی ئەو منداڵانە نەناسراوە، بەڵام دایکەکانیان دیارە کێن(٥). ئەمە جگە لەو سووکایەتییانەی بە شێوەی جۆرەوجۆر بە ئافرەتان دەکرێ. راپۆرتەکان لەبارەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و دەستدرێژیکردنە سەر و سوود لێ بنینیان بۆ مەرامە سێکسی و ئابوورییەکان، نەک تەنیا لە وڵاتە دواکەوتووەکانن بگرە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی وەک ئەمەریکا و فەرەنسایش بەڵگەی زیندوون لەسەر ئەوەی هێشتا زووە باس لە یەکسانبوونی ئافرەت و پیاو لە مافە ئینسانییەکان لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بکەین. (سەیری ئامارەکانی توندوتیژی و سووکایەتی پێکردن و ئیستیغلالکردن لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا بکە).

ئەم گرووپە پێی وایە لەوەتەی ژیان لەسەر زەوی دروست بووە هەر پیاو یەکەم و باڵادەست و سەروەر بووە(٦). وا تا ئەمرۆیش گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ پەیدا نەبووە کە بە کودەتایەک دابنرێ لەو بوارەدا و ئاراستەیەکی نوێ بۆ ژیان دابڕێژێتەوە تێیدا ئەسڵ باڵادەستی، یان لانی کەم هاوکوفی ئافرەت بێ لە حزوور و کاریگەری لە گشت بوارە زیندووەکانی ژیاندا، تا ئەو رادەیەی هەندێ بیرمەند پێیان وابێ تەنانەت لەو بوارانەیشدا کە وا ناسراوە بواری تایبەتمەندیی ئافرەتن، هەر پیاوان لە پێشن و ئافرەت نەیتوانیوە لەو

بوارانەشدا دەستڕەنگینی و باڵادەستیی خۆی بەسەر پیاواندا بسەلمێنێ. ئەم بێ توانایییەی ئافرەت لە هێنانە کایەی ئەم شۆڕشە سەرانسەرییە سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەو حاڵەتە مێژووییە ریشەیەکی لە سروشتی شتەکاندا هەیە.

ئەگەرچی ئەو سیستمە باوە لە رووی بنەما ئەخلاقی و شارستانییەکانەوە پێویستی بە چاوپێداگێڕانەوە و رەخنەلێگرتن و چاکسازی تێدا کردن و ریشەکێشکردنی حاڵەتەکانی ئیستیغلالکردن بێ لە سیستمەکەدا، کە ئەوەی کراوە تا ئێستا هێشتا هەر لەم سنوورەدایە، بەڵام هەوڵدان بۆ ریشەکێشکردنی و مامەڵەکردنی رادیکالییانە لەگەڵی، وێڕای ئەوەی هەوڵێکی لەو چەشنە سەرکەوتنی زەحمەت دێتە بەر زەین، لە هەمان کاتدا هەنگاوێکی مەترسیداریشە.

مەرجیش نییە ئەم گرووپە لە روانگەیەکی رەگەزپەرستی و پیاوسالارانەوە ئەم بۆچوونانەیان هەبێ وەک کە ئیڤلین رید ئەو زانا بایۆلۆجی و ئەنترۆپۆلۆجییانە بە کۆیلە و ئەڵقە لە گوێی ئایدیۆلۆجیای بۆرژوازی دادەنێ کە پێیان وایە مادامەکێ ئافرەت منداڵدانی هەیە بۆیە هەرگیز ناتوانێ خۆی لە کۆنترۆڵی راستەوخۆی بەدەنی رزگار بکات(٧)، بگرە دەکرێ ئەمیش پتر خۆی وەک یەکێک لە گۆشەنیگا مەعریفییەکان بۆ تێگەیشتن لە سروشتی مرۆڤ و بەها کۆمەڵایەتییەکان بخاتە روو، کە پێی وایە ئەگەر ئێمە دەمانەوێ سروشت بناسین و لە رێی ناسینی یاساکانیەوە شێوازی ژیان و جۆری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەرک و مافەکانی هەر رەگەزێک دیاری بکەین تا دروستترین شێوەی ژیان بژین، ئەوە دەبێ بەم شێوە لە سروشتی مرۆڤ بگەین و بەم شێوەیە لە جیاوازییەکان بگەین و بەم شێوەیە خشتەی ئەرک و مافەکان دیاری بکەین، چونکە پێچەوانەکەی دژایەتیکردنی یاساکانی سروشتە و سەرەنجام بە گران باجەکەی دەدەین. نەزانینیشمان یان دان نەنانیشمان بەم یاسایانەدا قەت شەفاعەتی ئەوەمان بۆ ناکات کە سروشت تۆڵەمان لێ بکاتەوە وەک چۆن تۆڵە لەو کەسە دەکاتەوە گوێ بە هێزی کێشکردنی زەویدا نەنێ و خۆی لە باڵەخانەیەکی بەرز بەربداتەوە، چونکە

یاساکانی سروشت کۆنکریتی و بێ رەحمن و سازش لەگەڵ کەس ناکەن.

لە بەرامبەرەوە گرووپێکی تر، کە گرووپی یەکسانیخوازییە، وێڕای نکووڵیکردنی سەرسەختانەی لە بوونی هەر جیاوازییەکی جەوهەریی ئەوتۆ لە نێوان سروشتی هەردوو رەگەز کە بگونجێ بکرێتە رێگر یان پاساو بۆ پەراوێزخستنی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا، یان مەحرووومکردنی لە بەشداریکردن لە هەندێ بواری زیندووی حەیاتی، بە پێچەوانەی گرووپی پێشوو کە تەرکیزی لەسەر نیوە خاڵییەکەی پەرداخەکە دەکرد و دەیوت پەرداخەکە نیوەی خاڵییە و قسەکەیشی مەنتیقی بوو، ئەمیان جەخت لەسەر نیوە پڕەکەی پەرداخەکە دەکەن و دەڵێن نیوەی پەرداخەکە پڕە و قسەکەی ئەمانیش لە رووی مەنتیقییەوە راستە. ئەمان رووبەکی تری وێنەکە دەخەنە بەر تیشک و پێیان وایە مادام ئافرەت و پیاو وەک یەک مرۆڤن کەواتە وەک یەکیش دەتوانن بە ئەرکە مرۆڤایەتییەکان هەستن و لە هەمان کاتیشدا دەبێ لە مافە مرۆڤایەتییەکاندا یەکسان بن و هەر جیاوازییەک لەو بوارەدا، جگە لەوەی بێ پاساوە لە هەمان کاتدا ستەم و دژایەتیکردنی سروشتیشە، چونکە سروشت شتەکانی بە هاوسەنگی دروست کردووە، بەشێوەیەک یەکسانی بێتە دی.

بەپێی ئەم قوتابخانەیە، قەت رەوا نییە "ئەفسانەی جیاوازیی پێکهاتەی بایۆلۆجیی نێر و مێ، بکرێتە بیانوو بۆ درێژەدان بەو نایەکسانییەی لە نێوان ئافرەت و پیاودا هەیە، نایەکسانییەک کە بەرەنجامی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی تایبەتە کە تێیدا پیاوان لە قووڵاییەکی دووری مێژووییدا جڵەوی هێز و دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست و تا ئەمڕۆ درێژە بەو باڵادەستییە نارەوایە دەدەن. دەنا ئافرەت هەر کاتێ بواری لە بەردەم کراوە بووبێ توانیوێتی وەک پیاو چالاکانە لە کایە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و زانستی و ... هتددا بەشداری بکات و خۆی بسەلمێنێ.

دەرکەوتنی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئافرەتانی هەڵکەوتوو لە بوارە جیاجیاکانی چالاکییە مرۆڤایەتییەکاندا لەو ماوە زەمەنییە کەمەی کە بوار لە بەردەم کار و چالاکیی ئافرەتدا تا رادەیەک واڵا بووە سەلمێنەری ئەوەیە کە

ئەگەر کۆسپە بابەتی و دەرەکییەکان لە بەردەم ئافرەتاندا هەڵگیرێن، ئەوە شتێک نامێنێ بە ناوی بێ توانایی سروشتیی ئافرەت و لە ماوەیەکی زەمەنیی نزیک یان دووردا دەتوانێ بە یەکجاری کۆتا بەو ستەمە مێژووییە سەراپاگیرە و بەو ئەفسانانە بێنێ کە هەزاران ساڵە کار لەسەر پەراوێزکردنی ئافرەت دەکەن و زانست و ئاین و ئەفسانە و مێژوو بۆ قووڵکردنەوەی ئەو حاڵەتی ستەم و ناهاوسەنگییە تەوزیف دەکەن.

ئەم گرووپەش لە بیری نەچووە ئاوڕێک لە مێژووی دێرین بداتەوە تا سەرەداوێک بۆ سەلماندنی ئەو یەکسانییە یاخۆ بۆ بەرپەرچدانەوەی ئیدیعاکانی گرووپی بەرامبەر سەبارەت بە مێژوویبوونی باڵادەستیی پیاو دەست بخات. سەرەنجام بە سوودوەرگرتن لە لێکۆڵینەوە ئەنسرۆپۆلۆجییەکانی هەندێ لە زانایانی ئەو بوارە، لەوانە زانای سویسرایی (یۆهان یاکوب باخۆفین) لە کتێبی (دایکسالاری) لە ساڵی ١٨٦١، نووسەری ئەمەریکایی (لویس هنری مۆرگن) لە کتێبی (کۆمەڵگەی پێشین) لە ساڵی ١٨٧٧، زانای سوسیۆلۆجی ماک لینان لەسەر هەندێ لە کۆمەڵگە دێرینەکانی پێش مێژوو و هەندێ کۆمەڵگەی سەرەتاییی سەردەمی نوێ(٨)، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ئەوەی دەوترێ بە درێژاییی مێژوو هەر پیاو باڵادەست بووە راست نییە و راستییەکەی ئەوەیە لە مێژووی دێریندا و لە پێش سەرهەڵدانی قۆناغی کۆیلایەتی، کە بۆ یەکەم جار سیستمی باوکسالاری سەری هەڵدا و ئافرەت تووشی نسکۆیەکی مێژوویی بوو، سیستمی دایکسالاری باو بووە و ئافرەت باڵادەست بووە نەک پیاو. ئەگەر ئەم تیۆرەیش راست دەرچوو ئەوە ئیدی ئەفسانەی جیاوازیی نێر و مێ و تیۆری باڵادەستیی پیاو دەکەوێتە لەرزە و لە سایەی ئەو بێداربوونەوەیەی لەم سەدانەی دواییدا بزاڤی ئافرەتان لە جیهاندا بەخۆوەی دەبینێ زۆر نابا نەک یەکسانییە رەگەزییەکە بە تەواوی دێتە دی، بگرە دەشێ بەپێچەوانەی حاڵی حازر ئافرەتان جڵەوی باڵادەستی بەدەستەوە بگرنەوە، ئەوە نییە فۆکۆیاما لە کۆتاییی سەدەی بیستدا لە وتارێکدا پێشبینیی کرد کە سەدەی بیست و یەک سەدەی ئافرەتان دەبێ.

وەک دەبینـین جـەدەلەکـە بیّ ئاکـامـە. لایەک دەلّیّ پەرداخـەکـە نیـوەی پڕە و ئەوی تر دەلّیّ نـا نیـوەی خـالّیـیـە.. تا تـۆش مـاویت ناتوانیت بە مـەنتـیق یەکیّ لەمانە لە بۆچوونەکەی خۆی پاشگەز بکەیتەوە. دەمەتەقێکان لەم زەوینەیەدا تا بیّ کۆتا لە بازنەیەکی داخراودا بێهوودە دەخولێنەوە بیّ ئەوەی پێشکەوتنێک بێتە کایە، چونکە لە هاوکێشەی لەو جۆرەدا عەقلّ و مەنتیق رادەوەستێ.

بۆ ئەوەی لەو کـێـبـەرکـێـیـەدا بگەینە ئاکـامـێکی یەکلاکـەرەوە دەبـیّ پەنا بۆ مـەحالّ ببـەین، چونکە بە کورتی ناسینی مـرۆڤ پرۆسـەیەکە هێشـتـا رەنگە لە سـەرەتاکاندا بـیّ و پیّ دەچیّ زوو بیّ کـە لە ئاست ئەو تیـۆر و لێکۆلّینەوانەی لەمـەڕ لێکچـوون یاخـۆ جـیـاوازیی نێوان نێـر و میّ و دەوری ئەو جیـاوازی و لێکچـــوونـانـە لـە دیاریـکـردنـی تـوانـای هـەر لایـەک لـە ڕاپـەڕانـدنـی ئـەرکـــە جیاوازەکان لە بوارە ئالّۆزەکانی ژیاندا، خۆ بەدەسـتـەوە بدەین و بۆچوونێکی قـەتعی دەربڕین. ئاخـر ئەگـەر بە وردی مـوتابەعـەی ئەو نووسـراوانە بکەین کـە لایەنگرانی ئەو دوو قـوتابخـانەیە بۆ پشت ئـەسـتـوورکـردنی بۆچوونەکـەیان بڵاویـان دەکـەینـەوە تیـۆر و دیراسـاتـی زانسـتـی زۆر و زەبەندە لـە هـەردوولا دەبینین کە پشتگیری لە تیۆرەکەیان دەکات.

هـەرچی ئەو تیۆرانەن کە ئەنسرۆپۆلۆجیستەکان لەمـەڕ باری کۆمـەڵایەتیی کۆمەڵگە سـەرەتاییەکان بەرهـەمیان هێناوە، کە ئاخـۆ باوکسـالاری Patriarcat تێـیـاندا باو بووە یان دایکسـالاری matriarcat ئەوانیش لەلایەکـەوە لە رووی زانسـتیـیـەوە گومـان و تەمومژێکی زۆریان لەسـەرە و هێشـتـا روون نییە ئاخـۆ ئەو کـۆمـەڵگایانە بەو شـێـوە هەبوون یان نـا، چونکە بۆچـوونەکـان لەو بارەوە جیاوازن، ئەوەتا ئافرەتە نووسـەری بەتوانا (کیت میلت) ئەگەرچی گاڵتـەی بە تیـۆری (پێکهـاتەی بەدەنی چارەنووسی ئافـرەت دیاری دەکـات) دیّ بەڵام ئەم کـەسـایەتییـە ناسـراوەی جیـهانی ئافرەتان لە کتێبی (سیاسـەتی سێکس)دا دەنووسیّ "جیهـانی سـەرەتاکان و جیهـانـی شـارستانیش هـەردووکیان جیهانی پیاوانن"، هـەروەهـا دان بەوەدا دەنیّ کە نازانیّ ئاخـۆ کۆمەڵگەی دایکسـەروەری لە رۆژگارێکدا هەبووە یان نا"(٩).

لەلایەکی ترەوە ئاسـاییـیـە ئەو دیراسـاتانەیش دوور نەبووبن لە کـاریگەریی جیـهـانبینی و ئایدیۆلۆجیـای نووسـەرەکانیـان. ئـاخر لـەخـۆوە نییـە ئەنگلز بە راشکاوی ئەو دوو بەرهـەمـەی باخـۆڤین و مـۆرگن بەرز هەڵدەسـەنگێنـێ چونکە لەگـەڵ تێزە فـیکرییـەکـەیدا یەکیـان دەگرتـەوە. دەمـێنێتـەوە ئەوەی ئاخـۆ ئەو پێشکەوتنەی لە تواناکانی ئافرەتان لەم چەند سەدەیەی دواییدا و بەشداریی بەرفـراوانیان لە کایە زیندووەکانی ژیـانی کۆمـەڵگە و جیـهاندا و سـەرهەڵدانی چەندان ئافرەتی هەڵکەوتوو لە بوارەکانی پسپۆڕی و کار و چالاکیی خۆیاندا، دەکرێ بە بەڵگە لەسـەر نیوە خاڵییەکەی پەرداخـەکە حسـێب بکرێ یان لەسـەر نیوە پڕەکەی؟ ئاخۆ بەڵگەی ئەوەیە کە ئافرەتان بە بێ حەپولک و ئاسانکاری و دەسـتگرتنـی پیـاوان ناتوانن تەوقـەکـانی گـەردنیـان بشکێـنن و لە چوارچێوەی دیواری مـاڵەکـان بێـنە دەرێ و داهێنـان بکەن و ئەگـەریش هـاتـنە دەرەوە هـەر ناتوانن لە مـاراسـۆنی ژیاندا بـە پیـاواندا بگەنەوە، بەڵگەش ئەو ژمـارە کـەمـەی ئافـرەتانی هـەڵکەوتـووە لە چاو لێشـاوی پیـاوانی هەڵکەوتوو لە هەمـان قـۆناغ و فەترەی زەمەنیدا؟ یان بەڵگەی ئەوەیە کە دەرنەکەوتنی ئافرەتانی هەڵکەوتوو لە مـێـژوودا نیـشـانەی ئـەوەیە کـە زەوینەیان لە بەردەمـدا سـاز نـەبووە، ئەوەتا ئەو مـاوە مـێـژووییـیـە سنووردارە نوێـیـەی دوایی ئەو ژمـارە بەرچاوە لە ئـافـرەتانی هـەڵکەوتووی بـەرهـەم هێـناوە و ئـەمـــەش ئـامـــاژەیە بـۆ ئەوەی کـــە ئـەگـــەر پێشکەوتنەکە لەسـەر ئەم ڕیتمە یان تیژتر بەردەوام بێ ئەوا زۆر نابات پاساوە زانستی و فەلسەفییەکانی نایەکسانی لەبەریەک هەڵدەوەشێن؟

لە ڕاستیدا دەکرێ بەڵگە بێ لەسـەر هەردوو بۆچوونەکە.

کەواتە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم جەدەلە بێزەنتییە پێویستمـان بە ئەنجامدانی مـەحـاڵە. بەڵام پێش لـە باسکردن لەو مـەحـاڵە جـێی خـۆیەتـی بپـرسـین ئاخـۆ هەوڵدان بۆ نـەهێشـتنی ئەو ناکـۆکیـیـە کـارێکی پێـویسـتـە؟ ئاخـۆ بوونی ئەو ململانێیە داینەمیکییەتێک بە هـەوڵەکانی بەگەڕخستنەوە و بەشدارکردنەوە و یەکسانکردنەوەی ئافرەت نادات؟ ئاخـۆ یەکلانەبوونەوەی مـەسـەلـەکە لە نێوان ئەو دوو ئاراسـتـەیە بووەتە کۆسپ لە بەردەم هەنگاونانی ئافرەت بۆ پێشـەوە لە

ڕێی سەلماندن و چەسپاندنی مافە سروشتییەکانیدا؟

لە ڕاستیدا ئەگەر بڵێین نەبووەتە کۆسپ ڕەنگە ورد نەبووبین، چونکە تا ئێستاش ئەو تێڕوانینە بووەتە بناغەیەکی فەلسەفی و ڕۆحی و کۆمەڵایەتی لای زۆرێک لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان بۆ ڕێبڕینەوە لە بەشداریکردنی ئافرەت وەک کائینێکی کاریگەر و زیندوو لە کۆمەڵگەدا، ئەمیش بە بیانووی ئەوەی جێی ئافرەت و مافی ئافرەت ئەوە نییە بەو شێوە ڕەهایە وەک پیاو بێتە نێو گەرمەی چالاکی و ململانێکانی ژیان. بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەو ململانێیە تاقەت و توانای بزاوت و بەردەوامبوونی بە بزاڤی ئافرەت لە پێناو بەدەستهێنانی مافە سروشتییە زەوتکراوەکانی داوە و لە هەمان کاتیشدا لێرە و لەوێ لایەنی بەرامبەریشی ناچاری پاشەکشە و سەلماندنی ڕێژەیەکی پتر لە مافەکانی کردووە. ئاخر خۆ ئەو مافانەی لە ئافرەت لە وڵاتانی پێشکەوتوویش بە دەستی هێناون وەک قارچک لە پڕ لە زەوی بۆی هەڵنەتۆقیون، بگرە بەرهەمی دەیان و سەدان ساڵ ململانێ بووە لەگەڵ عەقڵیەت و کولتوورێکی کلاسیکیی باو کە ئەویش هەڵگری هەمان بۆچوونی نادادپەروەرانە بووە بەرامبەر بە بەها و ڕۆڵ و مافی ئافرەت. لە هەمان کاتدا درێژبوونەوەی تەمەنی ئەو گرووپە و کاریگەری حاشاهەڵنەگریشی لەسەر ئاستی جیهان، جۆرێک لە مانا و چێژی تایبەت بە ژیان دەدا، چونکە ژیانی "یەک ڕەنگ" مرۆڤ تووشی وشکهەڵاتنی ڕۆحی دەکات. سەرکەوتنی سیستمی دیموکراتی لە داننانییەتی بە بوونی جیاوازییەکان با هەندێ لەو توخمانە لای هەندێکی تریشیان بە دواکەوتوو و بێ کەڵکیش بزانرێن.

بەم پێیە سەبارەت بە ماهیەتی ئافرەتانیان دوو جۆر کۆمەڵگەمان بۆ دروست دەبێ کە ڕەنگدانەوەی دوو جۆر شارستانییەتن. ئەگەرچی ئەوەیان کە پێ لەسەر یەکسانیی بێ قەیدوشەرت دادەگرێ بە گشتی پێشکەوتووتر و ئینسانیترە بەڵام نموونەکەی تریش دیسان هەڵگری کۆمەڵێ تایبەتمەندیی ئیجابییە، کە دەکرێ جێی سەرنجی ئافرەتانی ئازاد و یەکسانیی کۆمەڵگەکانی تریش بێ.

ئاخر لەم ژیانەدا هیچ شتێک رەها نییە. زەوق و حەز و پێداویستییەکانی مرۆڤ جۆرەوجۆر و ئاڵۆز و لە ژمارە نەهاتوون. زۆرجار رەنگە ئەو بەهایەی لای زۆرینەی خەڵک لە سەردەمێکدا هیچ جێی بایەخ نییە و بە ماکی دواکەوتن لە قەڵەم دەدرێ لای بەشێکی زیندووی کۆمەڵگەکە یان لای زۆرینەی کۆمەڵگەکە لە قۆناغێکی تردا، یان لای بەشێک لە کۆمەڵگەیەکی تری بە نموونەیەکی زێرین و ئینسانی بزانرێ. بۆ نموونە لای کۆمەڵگە رۆئاواییەکان ئازادیی تەواو بە تاک دراوە لە هەڵبژاردنی شێواز و فەلسەفەی ژیانی خۆی و بەو پێیە خێزان وەک دامەزراوەیەکی وابەستە کە کۆمەڵێک ئیلتیزاماتی ئەخلاقی و یاسایی لەسەر پیاو و ئافرەت پێویست دەکات بەرەو پووکانەوە چووە. ئەمە لای زۆرێک لە گەنجانی کوڕ و کچی ئێمە، دوور لە وابەستەبوون بە رێنوێنییەکانی ئاینی ئەم کۆمەڵگەیە، خەونێکە. لای ئەوان رەنگە خۆبەستنەوەی پیاوێک و ئافرەتێک بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ و قبووڵکردنی زۆرێک لە کەموکوڕییەکانی یەکتری لە پێناو هەڵنەوەشانەوەی ئەو خێزانە و پەرتەوازەنەبوونی ئەندامەکانی کارێکی بێ مانا بێ. بەڵام لە هەمان کاتدا رەنگە زۆرێک لە ئافرەتان و کوڕانی ئەوێش، بە تایبەتی ئافرەتانیان کە لەگەڵ تێپەڕینی تافی گەنجێتییان بازاڕ و رەواجیان روو لە کزی دەکات و دەوروبەریان چۆڵ دەبێ و کەسێک نابێ هاودەم و هاوخەمیان بێ، کاتێ لەو مەلەزاتە تێر دەبن و هەستی باوکایەتی و دایکایەتی و برا و خوشکێتی و خزمایەتییان تێدا دەبزوێ سەری رەزامەندی بۆ پلە و پایە و مافی ئافرەت لەو کۆمەڵگە کلاسیکانەدا بلەقێنن. خۆکوشتنی لاوانی هەردوو رەگەز بە رێژەیەکی بەرچاو بێ پێوەندی نییە بەو کەلێنە رۆحییەوە کە نەبوونی خێزان بۆ ئەندامانی دروست دەکات. خێزانیش وەک دەزانین یەکێ لە دامەزراوە سەرەکییەکانی قەیدکردنی ئافرەتە.

بەهەرحاڵ تا ئەو کاتەی کۆمەڵێ مرۆڤ هەبن، چ پیاو چ ئافرەت، کە باوەڕیان وابێ ئەو یەکسانییە رەهایە دروست و دادگەرانە و گونجاو نییە و بوونی جۆرێک لە جیاوازی و نایەکسانی لە دابەشکردنی ئەرک و مافە

کۆمـەڵایەتیـیـەکـاندا پتر لەگـەڵ دادگەری و مـرۆڤـایەتـیدا دەگـونجێ و بوونی خـۆیان لەنێـو ئەو فـەزا رۆحی و کـۆمـەڵایـەتیـیـەدا ببـیننەوە، ئەو رەوتە هەروا بەردەوام دەبێ و درێژە بە ملمـلانـێ لە پێناو بردنەوەدا دەدات. لە راسـتـیـدا کەمـیش نین ئەوانەی لە کۆمەڵگە شـارسـتـانێتییـە جۆرەوجۆرەکاندا بەو شـێوە بیر دەکەنەوە.

***

وتمان پێـویست بە ئەنجـامـدانی مـەحـاڵ هـەیە بۆ بەلایەکدا خـسـتـنی ئەو ناکـۆکـیـیـە، ئەویش بە گـەڕانەوە بۆ ئەو خـاڵە مـێـژوویـیـەی تێـیـدا کـولتـوورە مـرۆڤـایەتییـە جیـاوازەکان، کە داوونـەریتـەکان لەسـەر نەوەکـان فـەرز دەکـەن، هێـشـتـا سـەریان هەڵنەداوە، لەو سـاتە مـێـژوویـیـەدا کـە سـەرەتاکـانی دابەشکردنی کـۆمـەڵایەتی کـار لە نێـوان نـێر و مـێی مـرۆڤـایەتیـدا دەسـتی پـێ کرد، تا بـزانین ئاخـۆ هۆکـارەکانی ئەو جیـاوازییـەی لە دابەشـکردنی ئەرک و مـافـەکاندا سـەری هەڵدا و ئەو نایەکسـانییـە مێژوویـیـەی خـوڵقـاند، زاتی و بەرەنجـامی جـیـاوازیی سـروشـتی هـەردوو رەگـەز بـوو کـە هـەریـەکـەیان ئاراستـەیەکی وەرگرت و کۆمەڵێ پێگەی تـایبەتی داگیر کرد، یان سەرەتا هیـچ جـیـاوازیـیـەک لەسـەر بنـاغـەی جـیـاوازیی رەگـەز وجـوودی نەبـووە و دواتر هۆکـارگـەلی بابەتی ئەو جـیـاوازیـیـەی هێناوەتە کـایە، چونکە لـەو پنتـە مـێـژوویـیـەدا ئـیـتر هیچ گـومـانێک بۆ تەئویلی جـۆرەوجـۆر و ئـەنجـامگـیـریی تەجریدی و خوێندنەوە لە گۆشـەنیگای جۆرەوجۆرەوە نامێنێتـەوە. بەڵام چۆن بگەڕێینەوە ئەو پنتـە مێژوویییە کە رەنگە ملیۆنان سـاڵ لەمەوپێش بێ. ئیڤلین ریـیـد کـە خـۆی لایـەنگری بیـرۆکـەی یەکـەمـایەتـیی دایکسـالارییـە، پێی وایە باوکسالاری ملیۆنێک ساڵ پاش پەیدابوونی مرۆڤ هاتە ئاراوە[١٠].

بۆ ئـەم مـەبەسـتـە هـەندێ لە زانایـان گـەڕانەوە بـۆ هەندێ کـۆمـەڵگەی سـەرەتاییی ئەم سەردەمـە، بەڵام ئەویش کۆتاییی بە گومـانەکە نەهێنا، چونکە ئەگەر هەندێ لەو کۆمەڵگانە وەک خێڵی ڤیدا لە سریلانکا، زۆربەی خێڵەکانی باکـور و باشـووری ئەمـەریکا، هەندێک لە دانیـشـتـوانی ئەسکیـمـۆ، کـە تا

قۆناغێکی درەنگ دایکسالارییان تێدا باو بووە، بەڵام چەندان خێڵی رەچەڵەکی ئوسترالیایی لەسەر بنەمای هەردوو سیستمی باوکسالاری و دایکسالاری رێک خراون لە کاتێکدا هەردووکیان لە هەمان ئاستی پێشکەوتنی ئابووری-کۆمەڵایەتیدان(١١).

زانایانی زمان کاتێ دەستەپاچە بوون لەوەی لە رێی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانیانەوە یەکەمین زمان کە لەسەر زەوی سەری هەڵداوە بدۆزنەوە، سەرەنجام بیریان بۆ ئەوە چوو کە کۆمەڵە منداڵێک پاش لەدایکبوونیان لە جێیەکی دابڕاو لە کۆمەڵگەدا بە تەنیا پەروەردەیان بکەن و هیچ زمانێکیان فێر نەکەن و چاودێرییان بکەن بزانن کاتێ یەکەم جار دەست بە قسەکردن دەکەن چ زمانێک بەکار دێنن. بە کردەوە ئەمەشیان کرد. ئێمەیش هەر دەبێ کارێکی لەو جۆرە بکەین. بێین کۆمەڵێ منداڵی کور و کچ بە تەنیا لە دوورگەیەکی دابڕاودا پەروەردە بکەین و هەندێ لە کەرەستەکانی کارکردنیان لە بەردەم دابنێین. بێ ئەوەی هیچ رێنوێنییەکیان بدەینێ چاودێرییان بکەین بزانین ئاخۆ لەگەڵ پێگەیشتن و دەستپێکردنی چالاکییە رۆژانەکانیاندا چۆن کارەکان لەنێو خۆیاندا دابەش دەکەن؟. دەکرێ لەوێوە سەرەداوێکمان دەسکەوێ کە ئاخۆ ئەو دابەشکردنەی ئەرک و مافەکان لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا زادەی سروشت و توانای زاتیی کەسەکانە، یان زادەی کولتوورێکی کۆمەڵایەتیی تایبەتە؟ بەهەرحاڵ ئەگەر ئەوەش بکرێ و ئەنجامگیرییەکی تایبەت پشتگیریی ئەم یان ئەو ئاراستە بکات، دیسان ناکۆکییەکە هەروا درێژەی دەبێ و تانە لە ئەنجامی ئەزموونەکە دەدرێ. لەبەرئەوە با واز لەو ململانێیە بهێنین هەر وا بەردەوام بێ و هەوڵ بدەین بناغە بۆ رێیەکی سێیەم دابمەزرێنین، رێیەک مەرج نییە رادیکالی و دژ بێ لەگەڵ هەردوو ئاراستە کلاسیکییەکە، چون رێگەچارەی رادیکالی بە زەحمەت سەرکەوتن لەگەڵ مرۆڤی ئاڵۆز بەدەست دێنێ. دەکرێ گەلاڵەیەکی نوێ بە سوودوەرگرتن لە لایەنە ئیجابی و سەلبییەکانی ئەوان بەڵام بە گیانێکی نوێوە بەرهەم بهێنین.

***

با سـەرەتای ئەو ڕێیـە بە وەلاخـسـتنی کـێـشـمـەکـێـشـە فـەلسـەفی و زانستییەکانی پێوەست بەو مەسەلەیە دەست پێ بکەین، چونکە وەک بینیمان ئەو مـەعـمـەعەیە نەیتوانیوە خزمـەتێک بەو دۆزە بکات. هەروەک وا چاکە خۆ لادەین لە چەمکە جیاوازیی ورووژێنەرەکانی لە چەشنی "یەکسانیی رەها" یان "رێژەیی"، یان جیاوازی، چونکە تەبەناکردنی ئەو چەمکانە دیسان دەمانخاتە بەردەم دەمــەتەقـێـیـەکی تری نـەزۆکـەوە کـاتـێ لایەنی بەرامـبـەر بە رێگەی جۆرەوجۆر ئەو دروشمە دەخاتە ژێر رەخنە و لەدادگەدانەوە.

با ئێمە لە نێوان ئاراستە ئاسۆییە دژبەیەکەکاندا ئاراستەیەکی ستوونی بەرەو بەرزایی، واتە "ئاراسـتـەی بـێ دژەئاراسـتـە" هەڵبـژێرین، تا نەکـەوینە دژایەتی و نـاکـۆکی لـەگـەڵ ئاراسـتـەیەکی تـایبـەتدا. با ئێمـە لە سـەنگەری بەرگریکردن لە ئافرەت و داکۆکیکردن لـەسەر زەروورەتی یەکسانکردنی لەگەڵ پیاو و سـەنگەرگرتن لە پیـاو بۆ ناچارکردنی بۆ پاشـەکشـە و دەستهـەڵگرتن لە رێژەیەک لە ئـیمـتـیـازاتەکـانی، بێینە دەرەوە و هـەوڵ بدەین هـەردوو رەگـەز لە سـەنگەرە رەگـەزییـەکانیـان بێنینە دەرەوە و بیـانگێـڕینەوە بـۆ نێـو خـێـوەتی مـرۆڤـایەتی، ئەو خـێـوەتەی کە دان بە جیـاوازییـە رەگـەزییـە دەستکردەکان و پێوەرە رەگەزییە نامرۆڤانەکاندا نانێ.

باسکردن لە یـەکسـانی ئەو کاتە دێتـە گۆڕێ کە مـرۆڤـایەتی دەخـرێتە ژێر پرسـیـار. ئەو کـاتەی جـیـاوازیی رەگـەز دەکـرێتـە بناغـە و پـاسـاو بۆ چەوسـاندنەوەی یەکێ لە دوو رەگەزە پێکهێنەرەکەی مـرۆڤـایەتی. باسکردن لە یەکسـانیی نێر و مێ هـەوڵێکە بۆ گێڕانەوەی هـاوسـەنگی، بۆ بەرجەستـەکردنی مـرۆڤـایەتی مرۆڤ وەک خـۆی، نێـر وەک خـۆی و مێ وەک خۆی. مـرۆڤـایەتی لە جـیـاوازبوونـی دوو رەگـەزەکـەدا بـەرجـەسـتـە دەبێ نەک لـە لێکچـوونیـان. بەرجـەسـتـەکـردنی مـرۆڤـایەتی و لەنێـوبـردنی ئەو لارەسـەنگیـیـەی بەهـۆی سـەرەرۆیـی لایەکیـانـەوە هاتووەتە دی بەوە نابێ هـەوڵ بدەین ئەو جیـاوازییـە سـروشتـییە لـەنێو ببـەین، چونکە ئەو جیـاوازییـە جیـاوازییـەکی گـەردوونییـە و تەواوی کـائـیناتەکـانـی گـەردوونی گـرتووەتەوە. چـێـژ و مـانای ژیانیش لەو

جیاوازییەدایە نەک لە یەک ڕەگەزیدا، ئەگەر وا نەبێ دەبێ بکرێ بڵێین بایەخی ژن بۆ پیاو یان پیاو بۆ ژن وەک بایەخی پیاو بۆ پیاو یاخۆ ژن بۆ ژنە، کە بە کردەوە وا نییە و ئەو بۆشاییە ڕۆحی و فیزیۆلۆجی و کۆمەڵایەتییەی ژن بۆ پیاوی پڕ دەکاتەوە، یان پیاو بۆ ژنی پڕ دەکاتەوە قەت بە هاوڕەگەزەکەی یان بەیەک ڕەگەزی پڕ نابێتەوە و بەبێ ئەو ماهیەتی جیاوازیی هەردوو ڕەگەز ژیانێکی مرۆڤانەی تەندروست نایەتە بوون، هەروەک چۆن کە بە هیچ کام لە هێڵی سارد بە تەنیا یان گەرم بەتەنیا تەزووی کارەبا دروست نابێ.

ژنە نووسەر و ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ (ئەلیزا ماکسویل) کە برنادشۆ بە (هەشتەم شتە سەیری دنیا) ناوی بردووە، دەڵێ: "هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ رزگاربوونی ئافرەت لە ترسەکانی جگە لەوەی باوەڕ بە خۆی بێنێ وەک ئافرەت، مێینەیی بەخششە، بەخششێکی جوانیشە ئەگەر ئافرەت بزانێ چۆن بەکاری دێنێ"(١٢). ئاخر ئەگەر پێمان وابێ نەهێشتنی پیاوسالاری یان ژنسالاری و بەرجەستەکردنی مرۆڤایەتی لە نەهێشتنی یەکێ لە ڕەگەزەکاندایە، جا بە نەهێشتنی ڕەگەزە بە هێزە ستەمکارەکە بێ، یان ڕەگەزە لاوازە بێدەسەڵاتەکە، ئەوە دەبێ لە بریی هەوڵە فیکری و فەلسەفی و سیاسییەکانمان بۆ دەستەبەرکردنی زەوینەی یەکسانی و مافەکانی ئافرەت، دەبێ هەوڵەکانمان ئاراستەی تاقیگە زانستییەکانمان بکەین تا بەڵکو بتوانین دەرمانێک بدۆزەوە کە بە بەکارهێنانی هەموو مرۆڤە نێر و مێکان بۆ نێر یان مێ یان بۆ مەخلووقێکی تری سێیەم و بێ ڕەگەز بگۆڕێ، کە لە توانایدا بێ بە تەنیا و بە پشتبەستن بە پێکهاتە سروشتییە زاتییەکانی ئەرکە زایەندییە جۆرەوجۆرەکان، لەناویاندا وەچە خستنەوەش، بەبێ هەبوونی ڕەگەزێکی تری بێگانە مومارەسە بکات. ئەو کاتە کۆتا بەم مەعمەعەیەی نێوان ئافرەت و پیاو و شەڕ لەسەر یەکسانی و نایەکسانی دێت. بەڵام ئاخۆ ئەوە ڕێگەچارەیەکی مرۆڤانەیە؟

دەمێنێتەوە لە چوارچێوەی تابلۆ سروشتییەکەدا بناغەیەک بۆ ژیانێکی مرۆڤانە، دوور لە یاریکردن بە چەمکە فەلسەفییەکان، دابڕێژین. بۆ

ئەنجــامــەکــەیش نابێ چاوەڕێی یۆتۆپیــایەک بکەین، چونکە ژیان بەبێ نارێکییەکی بنیاتنەر، بەڕێوە ناچێ. بۆ سەرخستنی ئەم پرۆژەیە پێش هەموو شتێک پێویستمان بە بوونی فەلسەفەیەکی ئینسانی هەیە بۆ پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

فەلسەفەی ئینسانی (هیومانیزم) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە مرۆڤەکان لە جەوهەردا بەشە جیاوازەکانی یەک کائینی رۆحین کە مرۆڤایەتییە. هەریەک لە ئێمە پارچە یاخۆ لقێکین لەو ئەسڵە و لێرەشەوە لە رووی بەهاییەوە یەکسانین. هەروەک چۆن، بە تەعبیری هەندێ لە فەیلەسووفەکان، حەقیقەت ئاوێنەیەک بووە شکاوە، کاری هەریەکەمان ئەوەیە پارچەیەک لەو پارچانە بدۆزینەوە تا لە کۆی پارچەکانی هەموومان ئاوێنەکە دروست بکەینەوە و وێنە راستەقینەکەی بە تەواوی تێدا ببینین، بە هەمان شێوە لە پاش خەلقەوە (مرۆڤایەتی)ش وەک پارچەیەک موگناتیس پارچە پارچە بووە هەر پارچەیەکی کەوتووەتە ناخی مرۆڤێکەوە تا ببێتە هێزێکی کێشکردن کە لە ناخەوە مرۆڤەکان بەرەو لای یەکتر پاڵ بنێ. واتە ماکی خۆشەویستی مرۆڤ لە ناخی مرۆڤدا. ئەرکی ئێمە لە ژیاندا ئەوەیە ئەو توخمە ئینسانییەی لە ناخماندایە تەرجەمەی بکەینە سەر کردار تا لە کۆی رەفتارە ئینسانییەکانی هەموومان مرۆڤایەتی لەسەر ئەرز بەرجەستە ببێتەوە.

ئینسانییەت یانی تۆ لەگەڵ لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی خۆت ماف و بەرژەوەندیی ئەوانی تریشت لە بیر بێ و لە خەمیاندا بیت. گرینگیی ئەو فەلسەفە ئینسانییە لەوەدایە بەبێ ئەوە زەحمەتە ئێمە بتوانین دان بەمافی ئەوانی تردا بنێین، ئەمیش نەک تەنیا لە نێوان پیاو و ئافرەت وەک دوو رەگەزی جیاواز بگرە وەک پیاو و پیاو، وەک ژن و ژن، وەک پیاو و ژن. وەک ئەم نەتەوە و ئەو نەتەوە، چونکە تەنیا لەسەر بناغەی باوەڕ بە ئینسانییەت ئێمە دەتوانین بە یەک چاو سەیری هەموو کەسێک بکەین و پاراستنی مافەکانی هەر کەسێک بە ئەرکی ئەخلاقیی خۆمان بزانین، دەنا پاساو زۆرن بۆ جیاوازی: پێوەرەکانی ئاستی شارستانی، پارە و سامان، پلە و پایە،

زانایی، هێزی چەک و بازوو، هەموو ئەمانە لای هەموو مرۆڤەکان وەک یەک نین، هەموو ئەمانە لە باریاندا هەیە جیاوازیی چینایەتی و سووکایەتیکردن بە چینە بێبەشەکانی لێ بکەوێتەوە.

باڵادەستیی پیاو لە رووی هێزی جەستەییەوە ئەوەی لێ چاوەڕێ دەکرێ کە بەو شێوەیەی زۆرترین چێژ و بەرژەوەندی دەست بخات ئافرەت ئیستیغلال و پەراوێز بکات. تەنانەت زانستیش پشتگیری لەو جیاوازییە دەکات، چونکە لە رووە بایۆلۆجییەکەوە کەسێکی بەهێز و یەکێکی بێهێز وەک یەک نین، پیاوێک و ئافرەتێک وەک یەک نین. بەپێی لایەنە ئاژەڵییەکەی مرۆڤ بێ ئەرکی مرۆڤ ئەوە نییە بە تەنگ بوون و مافی ئەوانی ترەوە بێ با ئەو "ئەوانی تر"ە نزیکترین کەسی خۆیشی بن مەگەر بە قەدەر ئەوەی کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەو کەسە بکات. گەر من بەگوێی دەنگی گەدەم بکەم چ باکم نییە مرۆڤێک لە تەنیشتم لە برسا بمرێ و منیش لەسەر سفرەی چەور و رازاوە بم. لە رووە بایۆلۆجییەکەوە تەنانەت لە رووە عەقڵانییە مادییەکەشەوە من هیچ ئەرکێکی ئەخلاقیم لەسەر نییە بەرامبەر دواکەوتوویی ئافرەت، بەرامبەر چەوساوەیی گەلەکەم، بەرامبەر رزگارنەکردنی منداڵێک کە لەناو ماڵێکی گڕگرتوودا مەرگ هەڕەشەی لێ دەکات مەگەر خۆم سوودێک لەوەدا ببینم. لە جیهانی مادە و جەستە و چێژی مادیدا شتێک نییە بەناوی ئەخلاقی ئینسانی و پاراستنی مافی ئەوانی تر، بگرە هەموو شتێک لە پێناو مانەوە و بەرژەوەندیی زاتدایە. ئەوە هەستە ئینسانییەکەیە کە وا لە من و تۆ دەکات خۆمان بە بەرپرسیار بزانین بەرامبەر ستەمێک کە کۆمەڵگە لە ئافرەتی دەکات.

ئینسانیەت پێمان دەڵێ من و تۆ، چ وەک مرۆڤ و چ وەک هەردوو رەگەز، هەڵگری هەمان جەوهەری ئینسانین. راستە هەریەکەمان هەڵگری کۆمەڵێ خەسڵەتی کەسایەتی و وابەستەی کۆمەڵێ فاکتەری بابەتین کە ڕێڕەوێکی جیاواز و تایبەتی بۆ ژیانمان دروست کردووە، بەڵام گرینگ ئەوەیە هەریەک لە ئێمە مرۆڤین، لە سیفاتە مرۆڤایەتییە بنچینەییەکاندا هاوبەشین، هەریەک لە توانایدایە بەشێ لە بەرپرسیارێتییەکانی رەوتی گەشەی مرۆڤایەتی و

پێشکەوتنی ژیان و شارستانیەت لە ئەستۆ بگرێ. دەکرا من تۆ بم، تۆ من بیت. هەموو لە یەک بناغە و توخم و سەرچاوەین.

ئیدی لێرەوە رێگرە رۆحییەکانی بەردەم گەشەی هەموان تەخت دەبێ. کە رێگرە رۆحی و دەروونییەکان نەمان ئیدی نەمانی رێگرە بابەتی و کۆنکریتییەکان تەنیا لەسەر کات و کۆشش دەوەستێ. ئاخر رێگرە رۆحییەکان کەم نین. خۆبەزلزانینی پیاو و رێبرینەوەی لە مافەکانی ئافرەت رێگرە. تا ئەو کاتەیش ئەو هەستەی تێدا ریشەکێش نەکرێ هەر رێگر دەبێ لە ئافرەت. هەستی خۆ بەکەمزانینی ئافرەت، ئەو هەستەی پاشکەوتنی مێژوویی خولقاندوویەتی و چەسپاندوویەتی، باوەڕنەبوونی بەوەی توانای شکاندنی تەوقی پەراوێزی و دواکەوتوویی هەبێ، رێگرە. تا ئەو هەستە لە مێشکدا ریشەکێش نەکرێ رێگر دەبێ لە بەردەم گەشەکردنیدا. ئەم حاڵەتە لەسەر ئاستی نەتەوە و شارستانێتییەکانیش وجودی هەیە. ئێمە دەبینین کاتێ نەتەوەیەک پێی وابێ ئەو گەلی تایبەت و هەڵبژێردراو و سەردەستە و داهێنەرە و ئەوانی تر لە مادەیەکی نەزۆک و بێ نرختر خوڵقاون، بێگومان ئەو نەتەوەیە چی پێ بکرێ، لە کۆسپی رۆحی و بابەتی، لە بەردەم گەشە و داهێنانی ئەوانی تردا دروستی دەکات تا تیۆرە ئەفسانەییەکەی بەدرۆ نەکەوێتەوە. بە هەمان شێوە ئەو نەتەوەیەیش کە باوەڕی بە خۆی نەبێ و پێی وابێ داهێنان و پێشکەوتن لە توانای ئەودا نییە و هەر دەبێ چاولێکەر و لاساییکەرەوەی ئەوانی تر بێ، ئەوە ئەو گەلە تا لەم دەردە رۆحییە رێگرە شیفا وەرنەگرێ ناتوانێ بگۆڕێ. بەکورتی تا رێگرە زاتی و بابەتییەکان هەڵنەگیرێن ئافرەت ناتوانێ ئەو لاسەنگییە راست بکاتەوە.

بەم پێیە نەمانی رێگر و گرێ رۆحی و دەروونییەکانی ئافرەت و پیاو سەرەتایەکی تەندروستە بۆ دەستپێکردنی ژیانێکی هاوبەشی مرۆڤانە و هێنانە کایەی جیهانێکی نوێی مرۆڤانە، دوور لە دەمارگیریی رەگەزی.

خۆشبەختانە ئەو هەستە ئینسانییەی باس کرا، کە زامنی لەناوبردنی گرێ و بەربەستە رۆحییەکانە، لە ناخی هەر یەکێکماندا هەیە. هەر هێندەی دەوێ

نەهێڵین پاڵەپەستۆکانی لایەنە ئاژەڵییەکەمان لاواز و پەراوێزی بکات. ئەویش بە تەرجەمەکردنی ئەو هەستە بۆ فەلسەفەیەک کە بەردەوام خۆمانی پێ تەلقین و شەحن بکەینەوە تا سەرەنجام ببێتە بناغە و داینەمۆیەک بۆ سەرخستنی ئەو پرۆژە ئینسانییە.

رەنگدانەوە و کارتێکردنەکانی ئەم هەست و فەلسەفەیە لە گەلێ بواردا سوودی لێ دەبینرێ. یەکەمین بوارێ کە پێویستە تێیدا بیخەینە کار رامکردن و هێنانە ژێر کۆنترۆڵی ئەو هێزە جەستەیییە کە بەردەوام ئامازی سەرەکیی دەستی پیاوان بووە بۆ چەوساندنەوەی ئافرەت. ئاخر هۆکاری سەرەکیی زۆربەی نابەرامبەری و ستەمکارییەکانی دنیا جیاوازیی هێزی فیزیکییە لە نێوان جەمسەرە ناکۆکەکاندا، کە وا دەکات لایەنی بەهێز لایەنی لاواز قووت بدات یان لە پەلوپۆ بخات و بیخاتە خزمەتی بالادەستی و بەرژەوەندیی خۆیەوە. مرۆڤایەتی پێمان دەڵێ مرۆڤ بۆ خێر خوڵقاوە نە بۆ شەڕ. لێرەوە هەموو ئەو ئامراز و توانایانەش کە بە مرۆڤ دراون دەبێ لە بواری خێر و بیناکردندا بخرێنە گەڕ نەک لە ستەم و چەوساندنەوە و وێرانکاریدا. زوڵمکردن خیانەتە لە ئینسانیەت. رەگەزسالاری خیانەتە لە مرۆڤسالاری. رەگەزسالاری واتە نیوە ئیفلیجیی مرۆڤایەتی.

رەهەندێکی تر کە ئەو هەستە ئینسانییە رەنگی تێدا دەداتەوە ئەوەیە پێویستە لە هەوڵدانی هەردوو رەگەز بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی و بەرجەستەکردنی مرۆڤایەتی و بنبڕکردنی فەلسەفەی رەگەزسالاریدا دەست هەڵگیرێ لە بەکارهێنانی رێوشوێن و کەرەستەکانی سەردەمی رەگەزسالاری. واتە دەست هەڵگرین لە گیانی کێبەرکێی رەگەزی و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوی بەرامبەر وەک رکابەرێک، بەڵکو لەم رێیە نوێیەدا دەبێ هەردووک وەک تیم لە وۆرک شۆپێکدا کار بکەن بۆ سەرخستنی پرۆژەکەیان. گەرەکە ئافرەت بەو شێوە لە پیاو بڕوانێ کە ئەویش بە شوێن رێگەی گەیشتن بە مرۆڤایەتی و کۆتاییهێنان بە ستەم و نابەرامبەریدا دەگەڕێ و لەو مەیدانەدا هاوکار و هاوئامانجی ئەوە، چونکە ئەگەر لە سایەی سیستمی رەگەزسالاریدا ئافرەت

ستەم لێکراوە، ئەوا لە بەرامبەرەوە پیاویش ستەمکارە، چ ستەمکردن و چ ستەملێکرانیش دوو حاڵەتی داخزانن لە بازنەی مرۆڤایەتی، چونکە هەروەک چۆن ستەم لێکراو ئازار دەچێژێ، ستەمکاریش لە ناخەوە نارەحەتە و گیرۆدەی فەلسەفەیەکی نامرۆڤانەی ژیانە، پاسەوانی زیندانیش بەشێوەک لە شێوەکان زیندانی جێگەکەیەتی. لەبەرئەوە نەمانی حاڵەتی ستەم، بەهەردوو رووەکەیەوە، لە راستیدا تەنیا رزگارکردنی ستەم لێکراو نییە بەتەنیا، بگرە رزگارکردنی ستەمکاریشە. ئاخر ئازادکردنی زیندانییەک لە هەمان کاتدا حەواندنەوەی پاسەوانی زیندانەکەیشە. رزگارکردنی ئەویشە لە جۆرێکی تر لە دیلێتی و کرۆژانی ویژدان.

ئێمە لێرەدا ناچینە ناو وردەکارییەکانی خشتەی دابەشکردنی کار و مافەکان لە نێوان ئافرەت و پیاودا چونکە ئەگەر وامان کرد، ئەوە ئێمەیش دەبینە ئاراستەیەکی تر کە لەم یان لەو پنتدا لەگەڵ هەریەک لە دوو ئاراستە تەقلیدییەکەدا یەکتر دەبڕین و سەرەنجام تەرحەکە دەبێتە تەرحێکی جوزئی و دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ تەرحە جوزئییەکانی تردا، کە ئێمە لە بنەڕەتدا ئەو ململانەیەمان رەت کردەوە. بگرە دەمانەوێ تەرحەکە (کلي) واتە ئینسانی بێ. نە دەڵێین ئەم کارە بۆ ئافرەت گونجاوە و ئەوی تر گونجاو نییە، نە دەشڵێین هەموو کارێک بۆ ئافرەت گونجاوە بە بێ ناوبگیر (ئیستیسنا)، تەنانەت ناشڵێین هەموو کارێک بۆ هەموو پیاوێکیش وەک یەک گونجاوە، چونکە وەک دەزانین توانا و قابلیەتە سروشتییەکانی هەر مرۆڤێک چ پیاو چ ئافرەت لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر لە هاورەگەزەکەی خۆی جودایە و سەرەنجام هەریەکەیان لە بوارێک لە بوارەکاندا بەهرەدارە و گەر بواری بۆ بڕەخسێ لەو بوارەدا سەرکەوتوو دەبێ و داهێنان دەکات. بەڵام رەنگە لە بوارێکی تردا تەواو فاشیل بێ.

وەرە کۆمەڵێ قوتابی بێنە، کۆمەڵێ خولیان لە بوارە جیاجیاکانی چالاکییە زەینی یان جەستەییەکاندا بۆ بکەرەوە: فەلسەفە، ماتماتیک، فیزیا، کیمیا، زمان، هەڵگرتنی قورسایی، راکردن، نیشانەشکاندن... هتد. بە تێپەڕینی کات

بۆت دەردەکەوێ لەنێو هەریەک لەو بوارانەدا هەندێ قوتابی قابلیەتی فێربوون و پێشکەوتنیان لەوانی تر زیاترە و لە بوارەکانی تردا لاواز و رەنگە فاشیل بن. ئەمە بەڵگەی جیاوازیی بەهرە و توانا سروشتییەکانە. بەڵام ئەمە مانای چەسپاندنی بیرۆکەی رەگەزپەرستی و نائینسانی نییە.

ئێمە وا دادەنێین مرۆڤ، بە هەردوو رەگەزەوە، دەکرێ بۆ هەموو کارێ گونجاو بێ و دەشکرێ بۆ هەموو کارێ یان بەشێکیان گونجاو نەبێ، دەگونجێ هەندێ ئافرەت بۆ هەندێ کار گونجاو نەبن و هەندێکی تر زۆر بۆیان گونجاو بن. جا ئاخۆ دەبێ ئێمە بینا لەسەر ئەو ئەنجامگیرییەی کە کۆمەڵێ ئافرەتمان دیوە لە هەندێ بواردا سەرکەوتوو نەبوون بڵێین ئیدی رێ نادەین ئافرەت خۆی لە قەرەی ئەو بوارانە بدات؟ یان بە پێچەوانەوە سەرکەوتنی کۆمەڵێ ئافرەت لە هەموو یان زۆربەی کارەکاندا بکەینە بناغە بۆ پێداگرتن لەسەر ئەوەی هەر دەبێ بە زۆر ئافرەت بترنجێنینە گشت گۆشە جۆرەوجۆرەکانی ژیان؟

هەردوو بۆچوونەکە زۆرلێکردنی تێدایە، کەواتە رەوا نین، بگرە وا چاکترە حاڵەتەکە بە بێ پێناسە و سنووردارکردن و فەرزکردن بەجێ بێڵین بۆ جووڵەی ئازادیی مرۆڤ و کارلێک و ململانێی مرۆڤ، پیاو و ئافرەت لەگەڵ ژیان. گرینگ ئەوەیە ئێمە سەرەتا دان بە یەکسانیی مرۆڤایەتیدا بنێین، دان بە مافی ئازادیی مرۆڤدا بنێین، دان بە ناڕەواییی هەر جۆرێک لە زۆرلێکردنی رۆحی و جەستەییدا بنێین. مرۆڤ تەلقین بکەین کە تۆ ئازادیت، تۆ وەک هەموو بنیادەمەکانی تر مرۆڤیت، وەک ئەوان بەهرەداریت لە رێژەیەکی تایبەت لە بەخششە سروشتییەکان، وەک ئەوان مافی چوونە نێو ژیان و چێژوەرگرتن لە ژیان و هەڵسووڕاندنی ژیان و ئاراستەکردنی ڕەوڕەوەی مێژووت هەیە. دە فەرموو ئەوە ئەرز و ئەوە گەز.

لەم بارەدا ئێمە ماف و ئازادییەکانمان بۆ مرۆڤ خۆی گێڕایەوە، بناغەیەکی رۆحیمان دایە وەک سەرچاوەیەکی وزە بۆ نەترسان و نەسڵەمینەوە و بەردەوامبوون لەسەر جووڵان، رزگارمان کرد لە هەر گرێیەکی رۆحی و

دەروونی و هەر کۆسپێکی واقیعی کە رێی بەرەوپێشچوونی لێ بگرێ. دەمێنێتەوە لە بەرامبەر ئەو ئازادییەدا ئیدی، وەک وجوودییەتیش جەختی لەسەر دەکاتەوە، بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی و مێژوویی ئەو ئازادییەی بگرێتە ئەستۆ. بوونی خۆی بسەلمێنێ. بەرگەی بەرەنجامەکان و باجدانەکانی ئەو خۆسەلماندنە بگرێ. لە شکستهێنانی لە پرۆسەی خۆسەلماندن و چۆکدادانی لە بەردەم کۆسپ و رێگری و پاڵەپەستۆکانی ژیان چیی تر گلەیی لە کەس نەکات. ئەگەر ئافرەت بە ئازادی خۆی بوارێک لە بوارەکانی ژیانی هەڵبژارد و بە کردەوە و ئەزموونی خۆی بۆی دەرکەوت تێیدا سەرکەوتوو نییە، دەتوانێ بڕیار بدات ئەو مەیدانە بەجێ بێڵێت. گەر تەجروبەی ئاپۆڕای ئافرەتان هەمان حاڵەتی ئەو ئافرەتەی پێشووی سەلماندەوە و دەری خست ئافرەت بە گشتی لەو بوارەدا سەرکەوتوو نییە و تواناکانی بە بێ سوود بەهەدەر دەڕۆن، ئەوە ئیدی وردە وردە ئەم قەناعەتە ئافرەتانەیە لەنێو ئافرەتاندا دەبێتە کولتوور و بەدیهییەت و وەک بەشێک لە رۆشنبیریی ژنانە دەچەسپێ. ئەو کات خۆیان بە ئازادیی خۆیان بڕیار دەدەن ئەو بوارە بە کەڵکی ئێمە نایەت و لە ئێمە نایەت. بەڵام ئەمە وەک رۆشنبیرییەک پێشکێشی کۆمەڵگە دەکەن تا وەک تەجروبەیەک پێشکێش بە کۆمەڵگە و بە ئافرەتانی وەچە داهاتووەکان بکرێ تا ئەوانیش کات و تەمەن و رەنجێکی زیادە لە تەجروبەکردنی کارکردن لەو بوارەدا بەفیڕۆ نەدەن و روو لە مەیدانێک بکەن بتوانن داهێنانی تێدا بکەن و خۆیانی تێدا بسەلمێنن.

لەم حاڵەتەدا زوڵم نابێ لە ئافرەت گەر بوترێ (بەپێی ئەزموونی ئازادیی ئافرەتان خۆیان و بەپێی چەندان لێکۆڵینەوەی زانستی دەرکەوتووە ئافرەت لەو بوارەدا، بۆ نموونە شەڕوانی، سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ). ئەمەیش بە مانای سووککردنی تواناکانی ئافرەت نابێ بگرە تەنیا بەو مانایە دەبێ کە تواناکانی ئافرەت لە بوارێکی تردا بەرهەمدارترە. بەڵام هەموو ئەمانە دەبێ ئافرەت خۆی بڕیاری یەکەمیان تێدا بدات و ئەو رای گشتییەش کە لەسەر ئەو بابەتە دروست دەبێ تەنیا وەک رۆشنبیرییەکی گشتی لە کۆمەڵگەدا دەور

ببینێ، نەک بکرێتە یاسا و داوونەرێتێک کە پیاو پاسەوانی بکات و بەزۆر لەسەر ئافرەتانیدا فەرز بکات.

ئەم حاڵەتە وەک دیارە زیاتر ئینسانیەت و ئازادی رەنگی تێدا داوەتەوە تەواو جیایە لەو حاڵەتەی کە پێش ئەوەی ئافرەت تەجروبەکە ببینێ و قسەی خۆی لەو بوارەدا بکات تۆی پیاو بێیت بڵێیت فلان و فلان بوار بە سروشتی تۆی ئافرەت ناخۆن و نابێ ئافرەت توخنیان بکەوێ وەک ئەوەی وردەکارییە ئاڵۆزەکانی سروشتی ئافرەتانی بەتەواوی لا روون بێ و پێویست بە تەجروبە نەکات. بەداخەوە لەو بوارەدا زۆرجار بە خراپی سوود لە ئاین و داوونەریتیش وەردەگیرێ، لە کاتێکدا ئاین دانەبەزیوەتە نێو وردەکاریی سیستەمی دابەشکردنی کار لە نێوان ئافرەت و پیاودا و ئەوەی بۆ عەقڵی مرۆڤ و تەجروبەی ژیان بەجێ هێشتووە. ئاین هیچ دەقێکی دانەهێناوە کە نایەکسانیی مرۆڤانەی نێر و مێ بەئەزەلی بکات، تەنانەت خشتەیەکی بۆ دابەشکردنی کۆمەڵایەتیی کاریش دانەناوە و ئەوەی بۆ مرۆڤەکان بەجێ هێشتووە. ئەگەر ئێستە هەندێ سیستمی دابەشکردنی کار بوونەتە سیستمی موحافیزکارانەی ئاینی، بەڵگەی ئەوە نین ئەو سیستمانە لە رۆحی ئاینەوە سەرچاوەیان گرتووە، بگرە ئەوانە تەنیا زادەی ئەزموونەکانی سەردەمە جیاوازەکانن و ئاین سوودی لێ بینیون، بە واتا هیچ تابۆ نییە ئەگەر ئەو سیستمە بەشێوەیەکی جیاواز لەمەی ئێستە هەیە بگۆڕێ بەبێ ئەوەی لە سنوورە فراوانەکەی ئاین دەربچێ.

ئێمە کاتێ ئەم خیتابە ئاراستەی مرۆڤ دەکەین، باسمان لە حاڵەتی تاکە مرۆڤێک نییە، چونکە مرۆڤێک و دووان ناتوانن ئازاد بن لە کۆمەڵگەیەکدا کە باوەڕی بە ئازادیی تاک نەبێ، ناتوانن کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر سروشتی کۆمەڵگەیەک هەبێ کە بە کردەوە باوەڕی بە ئینسانییەت نەبێ. بگرە خیتابەکە بۆ تاکی مرۆڤە وەک مرۆڤ. دەبێ هەموو مرۆڤەکان بەم رۆحییەتە ئینسانییەوە ژیانێکی نوێ دەست پێ بکەنەوە. هەر تاکێک وەک کە دەیەوێ و پێویستیەتی بۆ خۆسەلماندن خۆی ئازاد بێ، دەبێ هەمان ماف بۆ ئەوانی

تریش بسەلمێنێ و سنوور و قەید لە بەردەمیان دروست نەکات.

ئەڵبەت بەرهەمی ئەم تێزەیش، گەر بۆی برەخسێ هەنگاو بەرەو پیادەکردن بنێ، لەسەرخۆ و سنووردار دەبێ. چونکە هاوکێشەی ژیان گەلێک لە توانای بیرکردنەوە و خوێندنەوە و پێشبینییەکانی ئێمە ئاڵۆزترە و نازانرێ چەندان کۆسپ و تەگەرەی پێشبینینەکراو دێنە سەر رێی پیادەکردنی ئەم تێزە دەڵەمەیە. بەڵام ئەگەر نەتوانرێ هەنگاوە عەمەلییەکانی ئەم تێزە و وردەکارییەکانی بە وردی دەرک بکرێ و لەسەر ئەرزی واقیعیش جێبەجێ بکرێن پێم وایە هەر خۆتەلقینکردن بەو بەها و بیرکردنەوە ئینسانییانە کاریگەری و رەنگدانەوەی پۆزەتیڤانە لەسەر تێکرای جیهانبینیمان بۆ دەوری مرۆڤانەی پیاو و ئافرەت لە ژیاندا بەجێ دێڵێ.

ئەو هەستە گەر لە ناخدا بووژایەوە و کەوتە بزاوت، گەر ئێمە مەشخەڵیشی لەسەر رێ بۆ دانەنێین و نەخشەی رێگەکەیشی بە حازری نەدەینێ، بێ شک خۆی وەک شەپۆلی ئاو رێڕەو بۆ خۆی لەسەر زەوی دروست دەکات و بەرەو دەریا ملی رێ دەگرێ. ئیدی ئەوەندەی گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی گرنگە هێندە جۆری رێڕەوەکان و وردەکارییەکانی رێگە گرینگ نین.

پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە: الحضارة، حسین مؤنس، سلسلة عالم المعرفة، ص٤٣.

(٢) پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت، ئیڤلین رید، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حەمەکەریم عارف، سەنتەری برایەتی، ژ: ٨، ١٩٩٨، ل ١٣٧.

(٣) هەمان سەرچاوە ل١٣٦.

(٤) بڕوانە کتێبی: المرأة في القرآن، عباس محمود العقاد.

(٥) لەم دواییەدا کچەکەی د. نەوال سەعداوی ژنە نووسەری یەکسانیخوازی ناسراوی میسری کە ناوی (مونا)یە و نووسینەکانی سەرەتا بەناوی خۆی و باوکی (مني حلمي) بڵاو دەکردەوە بڕیاری دا چیی تر لە نووسینەکانیدا ناوی دایک و باوکی هەردووکیان بنووسێ (واتە: مني نوال حلمي). پاساوەکەیشی ئەوەبوو کە منداڵ وەک هی باوکە هی دایکیشە و دایکیش مافی خۆیەتی ناوی

بنووسرێ، بگرە ژن لە پێشترە کە نەسەبی منداڵی بدرێتە پاڵ. نەوال سەعداوی دایکیشی بڕیاری کچەکەی پێ پەسند بوو ئەویش بڕیاری دا لەمەودوا ناوی باوک و دایکی پێکەوە لەگەڵ ناوی خۆی بنووسێ. هەردووکیشیان داواکارییەکیان داوەتە دادگە کە لە ناسنامەکەیاندا ناوی باوک و دایکیان پێکەوە بنووسرێ). کەناڵی تەلەڤزیۆنی (الجزیرة)، بەرنامەی: لقاء خاص.

(٦) ئەبراهام پێرشیتس پێی وایە ئەو تیۆرەی پێی وایە شێوەی سەرەتای پێکەوەژیانی مرۆڤ خێزانی باوکسالاری بووە، ئەفلاتون دایڕشتووە و لەلایەن ئەرستۆوە فۆرمەلەیەکی تایبەتی توندوتۆڵی بۆ کراوە و دواتر بووە بە بەشێک لە بیری کڵێسای مەسیحی و تەنیا لە ناوەندی سەدەی نۆزدەمدا دەستی بە گۆڕان کردووە. بڕوانە: دایکسالاری لە نێوان وەهم و واقیعدا، ن: ئەبرام پێرشیتس، و. لە ئینگلیزییەوە: یاسین قادر سەعید. کۆواری: هزر، ژ:١ هاوینی ١٩٩٩، ل٧٦-٧٧.

(٧) پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت، پێشوو ل ١٢٨.

(٨) بڕوانە: تاريخ القانون، د. ادم وهيب العزاوي، د. هاشم الحافظ، ل١٣-١٤، هەروەها: ئەبرام پێرشیتس: دایکسالاری لە نێوان...، پێشوو ل ٧٨.

(٩) ئیڤلین رىيد: پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت، پێشوو ل١٣٦.

(١٠) ئیڤلین رىيد، پێشوو، ل١٢٩.

(١١) ئەبرام پێرشیتس، پێشوو.

(١٢) بڕوانە: مافی ئافرەت لە نێوان رەگەزسالاری و مرۆڤسالاریدا، عومەر عەلی غەفوور، ١٩٩٧، ل٧٣.

## دەقەکانی ئاین و توندوتیژی دژ بە مێیینە

دۆزینەوەی ریشاڵە ئاینی و فەلسەفی و فەسلەجی و کولتوورییەکانی پشت توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، سەرەتای نەخشەڕێگەی بەگژداچوونەوەی ئەو جۆرە توندوتیژییەی نێو کۆمەڵگە جیاوازەکانە، کە ناخۆشبەختانە، یەکێکە لەو توندوتیژییانەی لە هەموو کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆی دنیادا هەیە.

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە تا ٦ مانگی یەکەمی ئەمساڵ، ٢٣٧ ئافرەت لەسەر شەرەف لە کوردستان کوژراون. هەروەها لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، ٥٩ حاڵەتی کوشتن، ٢٣٩ حاڵەتی سووتان و ٦٧١ حاڵەتی ئەشکەنجەدان و ٢٣ حاڵەتی توندوتیژیی سێکسی و ١٠٢٨ سکاڵای توندوتیژی دژ بە ئافرەتان تۆمار کراون.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی، رێکخراوی (وادی)ش کە لە شوباتی ئەمساڵدا بڵاوی کردووەتەوە، رێژەی خەتەنەکردنی مێیینە لە پارێزگای هەولێر ٦٣٪ و لە سلێمانی ٧٧,٩٪ و لە ناوچەی گەرمیان ٨١,٢٪ بووە. (ماڵپەڕی سبەی).

بەپێی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان، توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانیشدا هەیە.

جاک بارۆت جێگری سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەوروپایی بۆ کاروباری یەکسانی و ئازادی ساڵی رابردوو لە بەیاننامەیەکدا بەبۆنەی ٨ی مارسەوە رای گەیاند "بەپێی دوایین ئامارەکانی یەکەتیی ئەوروپا، ٢٠٪ تا ٢٥٪ی ئافرەتانی ئەوروپا

تووشی توندوتیژیی جەستەیی دەبنەوە، لانی کەم یەک جار لە تەمەنیاندا. بەپێی بەیاننامەکە، نزیکەی ١٠٪ی ژنانی ئەوروپا تووشی گێچەڵی سێکسی دەبنەوە. (ماڵپەڕی چاودێر).

وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا (پنتاگۆن) لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا کە لە ئاداری ٢٠٠٩دا بڵاوی کردەوە، ئاشکرای کرد ڕێژەی دەستدرێژیی سێکسی لەناو سەربازانی ئەمەریکا لە نێوان ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨دا، ٢٦٪ زیادی کردووە، بەشێوەیەک لە ٢٠٠٨دا گەیشتووەتە ٢٩٢٣ حاڵەت. (ماڵپەڕی دەنگوباس، ئاداری ٢٠٠٩).

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی (ئاکی)ی ئیتاڵیایی، بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوانەکانی دەستدرێژیی سێکسییەوە لەو وڵاتە، ئەنجوومەنی وەزیرانی ئیتاڵیا لە ٢٠ی شوباتی ٢٠١٠دا مەرسومێکی ئەمنیی دەرکرد بۆ ڕێگرتن لەو حاڵەتە، لەوانە دانانی سزای مردن بۆ ئەو حاڵەتانەی کوشتن کە دوای دەستدرێژیی سێکسی روو دەدەن، دانانی سزای (٦-١٢ ساڵ) بۆ تاوانەکانی توندوتیژیی سێکسی، هەروەها دانانی سزای ٦ مانگ تا ٣ ساڵ گرتن بۆ حاڵەتەکانی گێچەڵپێکردنی سێکسی (تەحەڕوش). (ماڵپەڕی ئاکی ٢٠ شوباتی ٢٠١٠).

ئەم ئامارانە و زۆری تریش دەری دەخەن، توندوتیژی دژ بە مێیینە کۆڵکەی هاوبەشی هەموو کۆمەڵگەکانە، ریشە و هۆکارەکانیشی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ.

لە کوردستان زۆرجار لە باسکردنی هۆکارەکانیدا، بەتایبەت لە مەسەلەی خەتەنەی ئافرەتان و کوشتن لەسەر شەرەفدا، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئامــاژە بە رۆڵی ئاین و داوونەریتی ئاینی دەدرێ، کــە پێم وایە ئەوانە لەو بۆچوونەیاندا هەم هەقیانە و هەم ناهەق.

هەقیانە لەوەدا لەم سەردەمەدا ئەوەی داوێنپاکیی ئافرەتان بەبەشێک لە شکۆی پیاو دەزانێ کولتووره ئاینییەکەیە، ئەوەی لە دەرەوەی ئەو بازنەیەیە باوەڕی بەو جۆرە تێڕوانینە بۆ پێوەندیی نێوان نێر و مێ نییە. ئەگەرچی

مەرج نییە هەموو ئەو خەڵکەی لەسەر شەرەف ئافرەتانیان دەکوژن خەڵکی دیندار (متدین) بن، بەڵام هەر چۆن بێ هەڵگری کولتوور و ناخێکن کە -بەپێی تیۆرەکەی ئادلەر - بیرە ئاینییەکە کە بە درێژاییی سەدان ساڵ بەبێ ویستی ئەوان لە کۆنەستیاندا جێگیری کردووە و کاری خۆی دەکات.

ئەو جۆرە خەڵکە، ئێستە ئیدی ئەگەر ئاینیش پێیان بڵێ هەڵەن گوێی بۆ ناگرن، چونکە ئەوان بۆ خاتری ئاین ئەو شتە ناکەن، بگرە لەژێر کاریگەری هەستێکی دەقگرتووی نێو کۆناخیاندا ئەو کارە دەکەن، با لە بنەڕەتدا هەستەکەیش هەستێکی ئاینی بووبێ. هەر بۆیە ئەگەر بمانەوێ ئاین بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم کولتوورە بەکار بێنین پێویستمان بە چەند وەچەیەک دەبێ تا ئەو پەیامە جیاواز و نوێیەی ئاین، کە دژی توندوتیژییە دژ بە ئافرەت، لە کۆنەستی کۆمەڵگەدا جێگیر دەبێ و جێی کولتوورە کلاسیکییەکە دەگرێتەوە.

بەڵام ئاخۆ باوەڕبوون بە پاکداوێنیی ئافرەت و سەیرکردنی وەک شەرەفی پیاو، مەرجە کوشتن بەتاوانی شەرەفی لێ بکەوێتەوە؟. لەمەدایە پێم وایە ئەوانەی ئاین تۆمەتبار دەکەن، ناهەقی دەکەن گەر بەبێ وردکردنەوە پەنجەی تۆمەت بۆ ئاین-ئیسلام درێژ بکەن.

ئێستە دوو ئیسلام هەیە (ئیسلام-ی دەق + ئیسلام-ی خەڵک)، قەت مەرجیش نییە ئەمەی دووەم وێنەیەکی پراکتیکیی ئەوەی یەکەم بێ، بگرە دەکرێ زۆریش جیاواز بن.

لە قورئاندا، کە سەرچاوەی بنەڕەتیی ئیسلام-ی دەقە، کوشتن بە تۆمەتی شەرەف بەهیچ شێوەیەک باسی نەکراوە، بگرە چەمکی شەرەفی پێوەست بەپاکداوێنیش سەرهەڵدوایێکی کولتوورییە نەک ئاینی.

گەورەترین تاوانی سێکسی لە ئیسلامدا زیناکردنە. بۆ ئەمە ئیسلام سزایەکی یاساییی داناوە (لێدانی ١٠٠ شەلاق)، کە دەوڵەت جێبەجێی دەکات نەک تاکەکەس و خێڵ. سزاکەیش بۆ هەردوو رەگەزەکەیە (الزانية والزاني)،

نەک تەنیا ئافرەت. بۆ ئیسپاتکردنی ئەو تۆمەتەیش مەرجی چوار شاهیدی داناوە کە بەچاوی خۆیان رووداوەکە ببینن، کە بەلای هەندێکەوە هاتنەدی ئەم مەرجە مەحاڵە. واتە بە کردەوە ئەو سزایەش جێبەجێ نابێ مەگەر ئەو دوو کەسە خۆیان دانی پێدا بنێن، یان هێندە سەرەڕۆ و بێ ئابڕوو بن لە شوێنێکی گشتیدا مومارەسەی جنس بکەن و مەرجی شایەتیدانەکە بێتە دی، کە ئەوە لە لیبرالیترین وڵاتانی دنیایشدا رێی پێ نادرێ.

تەنانەت ئەو پیاوەیش ژنەکەی لەگەڵ پیاوێکدا لە جێگەدا دەگرێ، رێی پێ نەدراوە بیکوژێ، تەنیا بۆی هەیە مولاعەنەی لەگەڵدا بکات و ئیدی جیا دەبنەوە.

ئەگەر ئەمە هەڵوێست بێ لە زینا، مەعلوومە کە شتەکانی خوارتر هی ئەوە نین کەسیان لەسەر بکوژرێ. قورئان بەهیچ شێوەیەک بەلای مەسەلەی خەتەنەکردندا نەچووە، نە هی پیاو نە هی ژن.

هەرچی لێدانی ئافرەتە، تەنیا لە یەک جێدا قورئان رێی بە پیاوان داوە لە ئافرەتان بدەن، کە بریتییە لە ئایەتی "وَاللاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ.."-النساء/ ٣٤. واتە "ئەوانەتان لە سەرەڕۆیی ژنەکانتان دەترسن، ئامۆژگارییان بکەن، جێیان لێ جیا بکەنەوە و لێیان بدەن".

نکووڵی لەوە ناکرێ ئەم دەقە شەرعیەتی بە لێدان داوە و بەقەدەر ئەوەی پیاوان لە روانگەی ئەو ئایەتەوە پەنایان بۆ لێدوان بردبێ بەرپرسە، بەڵام ئەم مۆڵەتەش تایبەتە بە حاڵەتی ژن و مێردێک کە کێشەیان هەیە و ژنەکە هۆکاری کێشەکەیە، قسەی خۆش و پشت تێکردنی مێردەکەیشی کاری تێ ناکات، نەک فەلاقەکردنی ئافرەت لەلایەن باوک و برا و مام و ئامۆزا و خێڵەکەی و هەندێ جار کوڕیشیەوە.

بەڵام ئاخۆ خەڵکی موسڵمان بە سنوورەکانی قورئانەوە پابەند دەبن؟ یان ئەو کولتوورەی ئەخلاقی کۆمەڵایەتیی پیاوان و ژنانی موسڵمانی رەنگرێژ

کردووه کولتوورێکی قورئانییه؟

دەقەکانی ئاین هەردەم لە روانگەی کولتوور و رۆشنبیریی زاڵی سەردەمە جیاوازەکانەوە راڤە دەکرێن و رەنگی ئەو سەردەمەیان پێ دەدرێ. لە سەردەمی باڵادەستیی عەقڵیەتی خێڵپەروەری و فتوحاتی سەربازیدا تەفسیرێکی پیاوسالارانە دەکرێن، لە سەردەمی باڵادەستیی سۆشیالیزم و دژایەتیی ئیمپریالیزم و سەرمایەداریدا تەفسیرێکی ئیشتراکی و شۆڕشگێڕی و لە سەردەمی لیبرالیزم و دیموکراسییەتیشدا تەفسیرێکی دیموکراسی و لیبرالی دەکرێن.

ئەو کولتوورەی ئێمەیش بەرهەمی تەفسیری سەردەمی خێڵ و پیاوسالارییە. چ ئەو حەدیسانەی دوای سەد ساڵ لە وەفاتی پێغەمبەر دەست بە کۆکردنەوەیان کرا و چ ئەو کەلەپووری فیکری و یاساییەی بەرهەم هاتووە و تا ئێستەیش مەرجەعی ئاینیی ئێمەیە، لەلایەن پیاوانی سەدە بەراییەکانی مێژووی ئیسلامەوە کراوە کە کوڕی سەردەم و کولتووری خۆیان بوون، هەر بۆیە کولتوورە ئاینییەکەش مۆرکێکی پیاوسالاریی وەرگرتووە، بەشێوەیەک ئەگەر دەقەکان بستێک مۆڵەتیان بە پیاوان دابێ، ئەوان لە رێی تەفسیرەکانیانەوە کردوویانەتە مەترێک. بۆ نموونە قورئان لە دابەشکردنی میراتدا بەشێکی بۆ کچ و دوو بەشی بۆ کوڕ داناوە، ئەو دابەشکردنەیش بۆ ئەو سەردەمە پێشکەوتنێکی گەورە بوو، چونکە وەک رۆجیە گارودی دەڵێ، لەو کاتەدا "هەموو ئەرکە پێوەندارەکان بە بەخێوکردنی خێزان و ماڵ، ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێین "دەستەبەری کۆمەڵایەتی"، لە ئەستۆی مێرددا بووە و ئاسایی بووە پشکی نێر لە میراتدا دوو هێندەی پشکی مێ بێ" (بڕوانە: نحو حرب دينية، جدل العصر"، روجيه غارودي. ت: صياح الجهيم، ط ٢، ١٩٩٧، ص٣٢ -٤٩).

بەڵام پیاوانی ئێمە و کولتووری کۆمەڵگە دواکەوتووەکان لە باتیی ئەوەی بەپشتبەستن بە گیان و ئامانجی دەقەکە، کە بەرجەستەکردنی دادگەرییە، بڕیار بدەن پشکی ئافرەتانی زەحمەتکێش و خاوەن داهاتی خێزان زیاد

بکەن، هاتوون ئەو نیو بەشەیشیان لووش داوە کە شەرع پێش زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ بۆی داناون بە پشکێکی پێویست (.. نصیبا مفروضا-النساء ٧)ی داناوە. لە مەسەلەکانی ڕێپێدانی فرەژنی یاخۆ لێدوانیشدا هەمان مەنتیقی "هی خۆم بۆ خۆم و هی تۆیش دەخۆم" پێڕەو دەکەن.

ئەرکی بیرمەندانی کۆمەڵگە موسڵمانەکانە لە ڕوانگەی ڕۆشنبیریی نوێی سەردەمەوە، کە ڕۆشنبیرییەکی لیبرالی و مرۆڤدۆستانەیە، خوێندنەوەیەکی هاوچەرخانە بۆ ئەو دەقە تەئسیسییانە بکەن، بەشێوەیەک لە باتیی ئەوەی کولتووری توندوتیژی بەرهەم بێنن، مرۆڤایەتیی مرۆڤ بەرجەستە بکەن.

## فرەژنی و لەشکرِی

فرەژنی چییە و کێن ئەوانەی نەیارن بە فرەژنی؟ جیاوازی چییە لە نێوان فرەژنی و فرەدۆستی، یان گێڵ فرێنددا؟ کێن ئەوانەی لەگەڵ فرەژنیدان و بە فرەدۆستی نەیارن؟ کامیان پێشێلکارییە بەرامبەر ئافرەت؟ ئاخۆ ژنان بە فرەدۆستیی مێردەکانیان رازین و بە سووکایەتیی نازانن؟ ئاخۆ لەشکرِی سووکایەتی نییە بە ئافرەت؟ ئاخۆ ئەو پیاوانەی باوەرِیان بە فرەدۆستی و عەشیقە هەیە و لەشکرِن، باوەرِیان بە یەکسانیی ژن و پیاو هەیە؟ ئاخۆ بۆ ئافرەت ستەمی فرەژنی بەئازارترە یان فرەدۆستی؟ ئاخۆ فرەدۆستی و دیاردەی لەشکرِی لەلایەن پیاوانی هاوسەردارەوە، کە بەپێی راپۆرتە میدیاییەکان و دەمەتەقێی مەجلیسە تایبەت و گشتییەکان بازارِی گەرم بووە، دیاردەیەکی تەندروستە؟ ئاخۆ دەکرێ فرەژنی قەدەغە و فرەدۆستی ئازاد بکرێ؟

ئەمانە کۆمەڵە پرسیارێکن کە لە باسکردنی مەسەلەی فرەژنیدا، کە ریشە و بناغەیەکی ئاینیی هەیە لە کۆمەڵگەیەکی موسڵماندا کە پێوەندیی جنسی لە دەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرکاری قەدەغەیە، پێویستە لەسەریان بوەستین.

فرەژنی ئەوەیە پیاوێک زیاتر لە ژنێکی هەبێ. ئەم نەریتە ئاینی ئیسلام رێی پێ داوە و بە مەرجی داناوە پیاو لەگەڵ ژنەکانی دادپەروەر بێ، هەر خۆیشی دەڵێ دادپەروەری زەحمەتە، کەواتە یەک ژن باشترە. لێرەوە ئەوانەی نەیاری فرەژنین دوو گرووپن، گرووپێک وەک سەرەتا و تیۆر باوەرِیان پێیەتی بەڵام پێیان وایە فرەژنیی نموونەیی مەحاڵە، لەبەرئەوە نەکردنی باشترە، محەمەد عەبدەی شێخولئیسلام پێش زیاتر لە سەدەیەک لەبەر زیانە پەروەردەیی و

کۆمـەڵایەتییـەکانی فـرەژنی لە توێژینەوەیەکیـدا فـەتوای حـەرامکردنی داوە. گرووپی دووەم ئەوانەن لە روانگەیەکی فیـمـینیـزمـییـەوە بۆ فـرەژنی دەڕوانن و پێیان وایە فـرەژنی لەباربردنی بنەمـای یەکسـانییـە لە نێوان هـەردوو رەگـەزدا، بەوەی مـرۆڤـێکی نێـر یـەکسـان دەبـێ بە دوو مێ و زیاتـر. ئەمـە جگە لەوەی هێنانی ژنی دووەم ریسـواکردنی ژنی یەکەمـە. ئەمانە – زیـاتر ئافرەتەکانیـان نەک پیـاوەکـان– رەتـی دەکـەنەوە رێگەدان بە فـرەپیـاویش بۆ ئافـرەت ئەو ناعـەدالەتییـە راست بکاتەوە و پێـیان وایە هـەردوو بارەکە هەڵەن. خـۆ ئەگـەر زیاتر لەگەڵیـان بچیتە نێو وردەکارییەکانی ژێرخـان و سـەرخـانی ئەم تیۆرەوە، دەبینـی ئـەمـــان بەلالێـــوەوە دان بـە رەواییی دیاردەی خـــۆبەســـتنەوە بـە هـاوسـەرداری دەنێن و زیاتر مـەیلیان بـەلای ئەوەدایە پێوەندییـە جنسـییـەکانی هـەردوو رەگـەز هیچ کۆت و مـەرجێکی ئاینییـان لەگـەڵ نـەبێ. لێرەوە رەخنەی ئەم گرووپە لە فرەژنی زیاتر رەخنەیە لە کۆی سـیسـتمی زەواجی ئاینی نەک لە خـودی فـرەژنی بـەتەنیـا و رەخنەکـان لە فـرەژنی زیاتر وەک تـاکـتـیکێکە لە چوارچێوەی پلانێکی دوورمەودای ستراتیجی–ئایدیۆلۆجیدا.

بەڵام ئەم تەوژمە هێشتا بەو راشکاوییەی ئێمـە باسمان کرد بۆچوونەکانی ناخـاتە روو، یان لانی کـەم نەیتـوانیـوە ببێـتـە تەوژمـێکی خـاوەن قـورسـایی کە بتوانێ لە ناوەندە کۆمەڵایەتی و یاساییـیەکاندا بانگەشەی بۆ بکات، ئەوەی بە روونی هـەیە ئەوەیە کـە دان بـە سـیـسـتـمـە ئـاینییـەکەدا دەنێ، بەڵام مـوتوربەی دەکات بە بۆچوونـە فـیـمـینیـزمـانەکە و جـەخت لەوە دەکات کـە نابێ پیـاو دوو ئافـرەت لەژێر نیـکاحی خـۆیدا کـۆ بکاتەوە، چونکە ئەوە ئیـسـتـیـغـلالکردن و چەوسـاندنەوی ئافرەتە. بانگەشەکانی قـەدەغـەکردنی فرەژنی لە کـوردسـتـان زیاتر بـەم نەفەسـەوە هەڵدەسووڕێن.

بەڵام هـاوکـات زۆرێـک لە پیـاوان، نازانم رێژەکـەی چەندە، لێـرەدا تـووشـی ئیزدیواجیەت و بنبەستی مەنتیق دەبن، چونکە لە بارێکدا دروشمی یەکسانیی ئافـــرەت و رەتکردنـەوەی هـەر جـــۆرە بـریـندارکـــردن و چەوســـاندنەوەیـەکی ســـایکۆلۆجـی و فـیـــزیکیـی ئافـــرەتیـــان بـەرز کـردووەتەوە، کـــەچی خـــۆیان

مومارەسەی ئەو نایەکسانی و چەوساندنەوەیە دەکەن، لە پرۆسەیەکدا، کە پێی دەوترێ فرەدۆستی، عەشیقەداری، یاخۆ لەشکرِی.

ئەمەی دەیڵێم بوختان نییە، بریا بوختان بوایە و من سزاکەیم بدایە. زۆر توێژینەوە و راپۆرتی رۆژنامەوانی و مەجلیسی تایبەت و گشتی ئەمەمان پێ دەڵێن، تا ئەو رادەیەی لەبەر زۆریی دیاردەکە هەندێ نووسەر راشکاوانە، داوای کردنەوەی یانەی شەوانە بۆ ئەو مەبەستە دەکەن تا سەرمایەی خۆماڵی نەچێتە دەرەوە و لە زیانە تەندروستییەکانیشی پارێزراو بین. کار گەیشتووەتە ئەوەی هەندێ پێیان وابێ تەنانەت ئەو بابەتە لە کاندیدکردنی کەسەکان بۆ پۆستە جۆرەوجۆرەکانیش رۆڵی هەیە و بە پەنجەی دەست ئاماژە بۆ ئەو بەرپرسانە بکرێ کە لەو رووەوە دۆسیەیان پاکە.

بەدەر لە بڕوای خۆم لەو بارەیەوە، بەڵام ئەز پێم وایە ئەو پیاوەی راشکاوانە دەڵێ "من دەچم لە دەرەوەی ماڵ عەشیقە دەگرم و لەشکرِی دەکەم، بەڵام هاوکات ئەو مافەیش بە ژنەکەم دەدەم پیاوانی تریش لە ژیانیدا هەبن و لەشفرۆشی بکات" پیاوێکی بوێر و لەگەڵ خۆی و خێزانەکەیدا راستگۆیە، چونکە مافی یەکسان بە ژنەکەیشی دەدات، بەڵام موفارەقەکە لەوەدایە ئەو پیاوانەی لە مەجلیسە تایبەتەکانیاندا شانازی بە شەوە سوورەکانیانەوە لە دەرەوەی ماڵەکانیان دەکەن و بەو کارەیان ناپاکی لە هاوسەرەکانیان دەکەن، بەهیچ شێوەیەک ئەو مافە بە هاوسەرەکانیان نادەن؟ جا ئەگەر ئەوە کارێکی باشە بۆچی هاوسەرەکانیانی لێ بێبەش دەکەن، ئەگەر خراپیشە بۆچی خۆیان دەیکەن؟ ئەگەر لەشفرۆشی بەکارێکی باش و شایان بە مرۆڤایەتیی رەگەزی مێ دەزانن، بۆچی بە ژن و ئافرەتانی بنەماڵەکەی خۆیانی رەوا نابینن؟ ئەگەر پێشیان وایە لەشکرین ئافرەت سووک و ریسوا و کۆیلە دەکات، بۆچی ئەو ریسواییە بەسەر ئافرەتانی لەشفرۆشدا دێنن؟ مەگەر ئەوانیش مرۆڤ نین و حەزیان لێ نییە لەنێو کۆمەڵدا سەربەرز و رووسوور بن؟ ئەی بۆ دڵیان دێ ئەو کۆیلایەتییەیان بەسەردا بێنن؟ ئایا ئەو پیاوانە رازی دەبن هاوسەرەکانیان خیانەتیان لێ بکەن؟ ئەگەر رازی نین ئەی بۆچی ئەوان

خیانەت لەوان دەکەن؟ ئەوە لە کوێی یەکسانیخوازیدا جێی دەبێتەوە؟

ئەز پێم وایە لەشکرێ دووجار سووکایەتییە بە ئافرەت، جارێک بە هاوسەرەکان، کە لەو پرۆسەیەدا لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە خیانەتیان لێ دەکەن و رەنگە لە ناچاریدا مەجبوور بن سەر کز بکەن تا ژیانیان لێ تێک نەچێ، هەم سووکایەتییە بە لەشفرۆشەکان، چونکە لەو کارەدا رۆڵی کۆیلەیەک دەبینن کە ئاغایەک بە پارە کریویەتی و تا وادەی گرێبەستەکەی تەواو دەبێ مافی هەیە وەک پارچە قوماشێکی بێ هەست لووتی پێ بسرێ. ئاخر ئەگەر لە ناچاریدا نەبێ کچۆڵەیەکی ٢٠-٢٥ ساڵی چۆن قایل دەبێ لەگەڵ قرخنە پیاوێکی ٥٠-٦٠ ساڵی و زیاتردا سەرجێیی بکات؟

رەنگە بوترێ خۆ ئەو سۆزانییانە بەزۆر ئەو کارەیان پێ ناکرێ و بەویستی خۆیان بریار دەدەن، لەوەتەی مرۆڤایەتیش هەیە تا ئەمرۆ ئەو دیاردەیەیش لە هەموو کۆمەڵگەکاندا بە رێژە شێوەی جۆرەوجۆر هەبووە و هەیە.

ئەوە کە ئەو کارە بە ویست و حەزی خۆیان دەکەن رەنگە راست بێ، بەڵام نەک ویست و حەزی کەسێکی ئازاد و دوور لە ئاتاجی، بگرە ویست و حەزی کەسێک کە بار و زرووفێکی سەختی ژیان نان و سەرچاوەی بژێویی ئەوی خستووەتە ئەو کارە شەرمهێن و نائینسانییەوە. ئەو قسەیە وەک ئەوە وایە بوترێ بابای کۆیلە بە ئارەزووی خۆی کۆیلایەتی دەکات، ئەو قسەیش راستە چونکە رەنگە بەبێ ئەو کۆیلایەتییە لە برسا بمرێ. ئاخر ئەو کرێکارەیش رۆژانە دەچێتە مەیدانی کار و بلۆک و شتایگەر بە شان و پشتی دەکێشێ، بە ئارەزووی خۆی دەچێ بۆ کار و بگرە لە خواش دەپارێتەوە بێ کار نەگەرێتەوە ماڵ و کاری دەستکەوێ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئاشقی بلۆک کێشانە و ئەگەر دەرفەتی ژیانێکی باشتری لە بەردەمدا بێ لەسەر ئەو کارەی هەر بەردەوام دەبێ.

سەبارەت بە گەردوونیبوونی دیاردەکەیش، ئەوەیان قەت پاساوێکی دروست نییە بۆ رەوایی پێدانی لەشکرێ و لەشفرۆشی، چونکە کۆیلایەتیش هەزاران ساڵ سیستمێکی دان پێدانراوی جیهانی بووە و تەنانەت لە کتێبە

پیـرۆزەکـانی ئاینەکـانیـشـدا (تەورات، ئینجـیل و قـورئان) باس کـراون و حوکمیان بۆ دانراوە. هەروەها ڕەگەزپەرستی (ئاپارتاید) ململانێی سپیپێست و ڕەشـپـێـست لـە رووبەرێکی بـەرفـراوانـی دنیـای نوێدا، لەوانـە ئەمـەریکا و باشووری ئەفریقیا، باو بووە و یاسای تایبەتی بۆ دانراوە، تەنانەت لە میترۆ و پاس و چێشتـخـانە و شـوێنە گشـتیـیـەکانی تردا شـوێنیـان جیا کراوەتەوە و ڕەشپێست بۆی نەبووە بە ڕێگەی سپیپێستدا بڕوات (بڕوانە: کتێبی نیلسۆن مـاندێلا، گونیـلا لوندگرین و شـەسـتین گیـدفـۆش، و. لە ئینگلیـزییـەوە فـەرهـاد شاکەلی، دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، لا ٢٨-٣١).

بەڵام وا مـرۆڤـایەتی کـۆیلایەتیی هەڵوەشـاندەوە و ڕەگـەزپەرسـتـیش بەرەو پووکـانەوە دەچێ لـە دنیـادا، بەتایبـەت دوای نەمـانی ڕێژیمی ڕەگـەزپەرسـتی باشـووری ئەفـریقـیـا فـریدریک دیکلێـرک (١٩٨٩ تا ١٩٩٤ حـوکـمی کـرد) و هەڵبژاردنی نیلسۆن ماندێلا، سەرکردەی مێژوویی ڕەشپێستەکانی باشووری ئەفـریقـیـا لە ١٠ ئایار/مـایـسی ١٩٩٤ بە سـەرکـۆمـاری ئەو وڵاتـە، هەروەها بوونـی ڕەشـپـێـسـتـێکی ژن (کـۆندۆلیـزا رایس) بە ڕاوێژکـاری ئاسـایشی نەتـەوەیی ئـەمــەریکا و دواتر بە وەزیری دەرەوەی ئـەو وڵاتە (٢٠٠٠-٢٠٠٨)، دواتریش سـەرکـەوتنی سیناتۆری دیموکراتەکان (باراک ئۆبامـا) وەک یەکەم کاندیدی ڕەشپێست لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمەریکادا و بوونی بە ٤١ەمین سـەرۆکی وڵاتە یەکگرتـووەکانی ئەمـەریکا لە مێژوودا لە ٢٠ کانوونی دووەم/یەنایەری ٢٠٠٩دا.

هـەروەها بازرگـانیی مادە هۆشـبـەرەکانیش دیاردەیەکی جیـهـانیـیـە، بەڵام دیاردەیەکی بێزراوی جیهانییە. دیاردەی لەشفرۆشیش دیاردەیەکی بێزراوی جـیـهـانیـیـە ئەگەرچـی بەهۆی ئەو فـەلسـەفە لیـبـرالیـیـە زاڵەی سـەردەمـەوە بەیاسایی کراوە. ئەگەر دنیای دیموکراسی زبڵ و خاشـاکێکی بەرهەم هێنابێ ئەوە ئەو زبڵ و خـاشـاکە برێتییـە لە ڕەوایی پێدانی بەو دیاردە کـەرامـەتبـەرە. دەرکەوتنی کچـۆڵەی لە گوڵ ناسکتر لە کـەناڵە ئیـغـراییـەکـانی سـەتەلایت و ئینتـەرنێتدا، کـە خـەڵک بۆ کـڕینی لەشـیـان بانگ دەکەن، هی ئەوەیـە مـرۆڤی

خاوەن ڕەوشت لە ئاستیدا هەست بە شەرمەزاری بکات لە مرۆڤایەتیی خۆی کە ئەو سووکایەتییە بەرامبەر کەرامەت و سەربەرزیی ئافرەت قبووڵ دەکات و پێی دیاردەیەکی مۆدێرنی شارستانییە.

لەبەرئەوە دەبێ دروشمە یەکسانیخوازییەکان بە کردەوە بەرجەستە بکرێن، نەک تەنیا لە میدیاکاندا موزایەدەیان پێوە بکرێ.

ئەز بانگەشە بۆ فرەژنی ناکەم، بەڵام پێم وایە ئەوانەی فرەژنی دەکەن، بە هەموو دزێوییەکانییەوە، لەوانەی فرەدۆستی دەکەن لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ هاوسەرەکانیشیاندا راستگۆترن، چونکە بە ئاشکرا و بەپێی نەریت و یاسا کارەکەیان دەکەن. لەو کاتەی خیانەت لە هاوسەرەکانیان قبووڵ ناکەن خیانەتیشیان لێ ناکەن. دڵنیام – وەک زۆر لە توێژینەوەکان لەناویاندا لێدوانی زۆربەی لەشفرۆشەکان بۆ خەندان حەمە جەزا خاوەنی کتێبی بەنرخی "ئۆقیانووسێک لە تاوان" باسی دەکەن – زۆربەی ئەوانەی لەشفرۆشی دەکەن بێزیان لەو کارەیان دێتەوە و بوون بە ژنی دووەمی پیاوێکی بەرپرس و بەڕێزیان زۆر لەلا باشترە لەوەی هەر شەوەی کۆیلەی پیاوێکی نەناس بن.

ئەگەر فرەژنی پێشێلکردنی مافی ئافرەت بێ، ئەوا فرەدۆستی زیاتر لەوە پێشێلکارییە بۆ ماف و هەست و بەهاکانی هاوسەرداری و مرۆڤدۆستی، ئەگەرچی دوور نییە هەندێ لە ئافرەتان ئەوەیان پێ باشتر بێ لەوەی بەرەسمی ببنە هەوێدار، چونکە لەو حاڵەتەدا تەنیا پیاوەکانیان لەگەڵ دابەش دەکرێ و هیچ نەبێ ماڵەکانیان لەگەڵدا ناکرێ بە دوو لەت و سێ لەتەوە.

ژنە گۆرانیبێژی لبنانی ئەمەل حیجازی لە دیمانەیەکدا دەڵێ "ئافرەت بەرگەی خیانەتی عاتیفی دەگرێ". هەروەها دەڵێ "من لە ئەزموونی ژیانی خۆمدا بۆم دەرکەوتووە زۆربەی پیاوان خیانەت لە ژنەکانیان دەکەن و پیاوی دڵسۆز دەگمەنی دەگمەنە". (رۆژنامەی: القدس العربي، لە ١٠ کانوونی یەکەمی ٢٠١٠).

## فرەژنی لە نێوان دەرد و دەرماندا

سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین کە ئەستەمە بە دەلیلی ئەقڵی و مەنتیقی مەسەلەی چاکی یان خراپیی فرەژنی یەکلا بکەینەوە، ئەویش لەبەر سێ هۆی سادە:

یەکەم: لەبەرئەوەی هیچ شتێک خێر یان شەڕی رەها نییە. باران رەحمەتیشە و زەحمەتیشە. مەی، کە بە دەقی قورئان حەرام کراوە، هەر قورئان خۆی پێمان دەڵێ (منافع للناس)یشی تێدایە. ئەوەی پێی وابێ فرەژنی هەمووی خێرە، یان هەمووی شەڕە لە وەهمدا دەژی.

دووەم: هەر لایەک کۆمەڵێ بەڵگەی عەقڵی و بابەتیی هەیە، کە لانی کەم خۆی باوەڕی پێیانە و بە پاساوێکی ماقووڵیان دەزانێ بۆ هەڵوێستەکەی. هاوکات بەڵگەکانی بەرامبەر بە بێ بایەخ دەزانێ. واتە هەر بەڵگەیەک دژە بەڵگە و دژە وەڵامێکی هەیە، کە هەر کاریگەرییەکی لەسەر ئەقڵی بەرامبەر سفر دەکات.

سێیەم: تەنیا پێوەر و بەڵگە ئەقڵییەکان نین کە قەناعەتی مرۆڤ لەسەر بۆچوونێک دروست دەکەن، بگرە پێکهاتەی عەقیدی و ئایدیۆلۆجی و دەروونی مرۆڤ دەورێکی کاریگەری هەیە لە دیاریکردنی هەڵوێستی ئەو کەسە لە بەڵگە و پاساوە جۆرەوجۆرەکان. واتە کاتێ (فلان)ی ئاینپەروەر فرەژنی بە سوننەتێکی ئاینەکەی بزانێ ئیدی هەموو دنیا بەڵگەی نەیارەکەی بێ بەلایەوە عانەیەک ناهێنێ. بە هەمان شێوە کاتێ فرەژنی لای (فیسار)ی عەلمانی یەکێ لە سیماکانی جەهالەت بێ، ئیدی گەر فرەژنی موعجیزەیش بخوڵقێنێ بەلایەوە وەهم و بێ بایەخە.

لەبارێکی وادا سێ هەڵبژاردن دێتە پێشمان:

یەکەم: بڵێین کاکە ئەمە فەرمان یاخۆ ڕێپێدانی خوایە و ببڕێتەوە. سوودی هەبێ زیانی هەبێ نابێ کەس بەری پێ بگرێ (ئەم ئاراستەیەش لایەنگری کەم نین).

دووەم: ڕەهەندە ئاینییەکە بە ئیعتیبار وەرنەگرین و تەنیا لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیمان هەبێ بۆ جەردکردنی سوود و زیانەکانی فرەژنی لە کۆمەڵگەدا، ئاخۆ چ زیانێک لە بوونی کەوتووەتەوە و چ سوودێک لە بوونی بە کۆمەڵگە گەیشتووە. بە پێچەوانەوە قەدەغەکردنیشی چ سوود و زیانێکی بووە و دەبێ (ئەمەیان کەس لا بەلایدا ناکاتەوە).

سێیەم: شەرعیەت پێدانە ئاینییەکە بە ئاکامە بابەتییەکانی فرە ژنی لەسەر ئەرز ببەستینەوە. ئەگەر بەرهەمی چاکی هەبوو ڕێی پێ بدەین و هانی بدەین، ئەگەر زیانیشی هەبوو بەری پێ بگرین (ئەمە هەڵوێستی ئاینپەروەرانی واقیعبینە، وەک ئەوەی عومەری کوڕی خەتاب لە ساڵی گرانیدا حوکمی دەست بڕینی دزانی ڕاگرت لەو ڕوانگەوە کە ڕەنگە ناچاری تووشی دزییان بکات. هەروەها پشکی دڵڕاگیراوان (المؤلفة قلوبهم)ی لە زەکاتدا ڕاگرت لەو ڕوانگەوە کە ئیسلام لەسەر پێی خۆی وەستاوەو چیی تر پێویستی بەوە نییە بە دەم چەورکردن خەڵکێک دڵی خەڵکێک ڕاگرێ. ئیمام محەمەد عەبدەیش پێش نزیکەی سەدەیەک فتوای ڕێ پێنەدانی فرەژنیی دا لەو ڕووەوە پێی وابوو زیانەکانی لەسەر پرۆسەی پەروەردە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە سوودەکانی زیاترە).

جا با لەم ڕوانگەوە هەردوو لایەنی ناکۆک بخەینە ژێر پرسیارەوە:

سەرەتا لە لایەنگرانی فرەژنی دەپرسین: ئاخۆ داکۆکیکردنیان لە فرەژنی لەبەرئەوەیە کە بە داتا و ئامار بۆیان دەرکەوتووە فرەژنی چارەسەری کێشەکانی ئافرەتان و پیاوانی کۆمەڵگەی ئێمە دەکات، یان تەنیا لەبەرئەوەیە کە قورئان ڕێی پێ داوە و بەس؟ ئەگەر ڕاستە ئەوەیان "بۆ دەرکەوتووە"، ئەوە پێویستە ئەو ئامار و لێکۆڵینەوانە بخەنە بەردەم ڕای گشتی (تا ئێستا داتایەکی لەم جۆرەیان پێشکێش نەکردووە، سووریشن لەسەر ئەوەی فرەژنی

چارەسـەرە. ئەمـەش نیـشـانـەی ئەوەیە هەڵوێسـتـەکـەیان زیاتر "ئیمـان و تەسلیمـبـوونە" لەوەی "مـەعـریفـە و زانین" بـێ). ئاخـۆ ئەگـەر گریمـان بۆیان دەرکەوت فرەژنـی زەرەری لە سوودی زیاترە، ئـامادەن – وەک ئیمـام مـحەمـەد عـەبدە – دەنگ بـە قـەدەغـەکردنی بدەن" ئـاخـۆ دیراسـەیان هـەیە لەسـەر ئەوەی ژمـارەی ئافـرەتان لـە کـوردسـتـان چەندە لە ژمـارەی پیـاوان زۆرترە و ئـاخـۆ دابەشبوونی ئەو جیاوازیی ژمارەیەی نێر و مێ لە رووی تەمـەنەوە بەو شێوەیە کـە بە فـرەژنی چارەسـەری زۆریی ئافـرەتان بکرێ؟ یان ئاخـۆ دیراسـەیان کردووە بزانن ئاخۆ لە پیـاوان و ئافرەتانی ئێمـە دەوەشـێتـەوە کـە پرۆسـەی فرەژنـی بەو شێوەیە ئیجرا بکەن کە ئامانجەکانی ئیسلامی تێدا دێتـە دی لە نەهێشتنی دیاردەی قەیرەیی و بێوەژن، یان مـەسـەلەکە تەنیا دەرفـەتێک بووە بۆ تێـرکـردنی غـەریزەی پیـاوان بێ ئەوەی خـزمـەتێک بـە سنووردارکـردنی ئافـرەتانی بێ مـێـرد بکات؟ ئـاخـۆ دیراسـەیەکیـان کـردووە بزانن فـرەژنی چ رەنگدانەوەیەکی سـەلبـیی لەسـەر پەروەردە و پێگەیاندن و پێـوەندییـە کۆمـەڵایەتییـەکان دەبێ؟. ئاخۆ لە رووی رۆشنبیریـیەوە هیچ بەرنامەیەکیان بۆ دارشتنەوەی عـەقڵیـەتی پیاوان هەیە تا زەمـانەتی ئەوە بکەن فـرەژنی لە پێناو ئامانجە دروستەکاندا مومارەسـە دەکرێ؟. ئاخۆ رێپێدان (اباحە)ی کارێک لە قورئاندا رێگرە لەوەی قـەدەغە بکرێ (بۆ نموونە ئاخۆ نابێ پەرلەمـان قەدەغەی "کۆیلایەتی" بکات مـادام ئیسـلام رێی بەوە داوە مـوسڵمـان کۆیلـەی هـەبێ". ئاخۆ دابەزاندنی دەقەکان بۆ بەدیهێنـانی بەرژەوەندییەکە، یان هـەر وا فەرمانە و دەبێ بـەبـێ سـەیرکـردنی جـۆری ئـاکـامـەکـەی جـێبـەجێ بکرێ؟ کـوا ئەو ئامـارانەی باس لە کاریگەرییە ئیجابییەکانی فرەژنی لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەکەن؟ چەند قـەیرەکچ و بێوەژنی خاوەن کڵفەت لەو حاڵەتە سـوودمەند بوون؟ ئاخـۆ هیـچ دیراسـەیەکیـان لەسـەر ئاسـەوارە خـراپەکـانی نەبوونی فـرەژنی کردووە تا بگەنە ئەو بەرەنجامەی کە قەدەغەکردنی کارەسات دەخوڵقێنێ؟

لە بەرامبـەرەوە با لە نەیارانی فرەژنیش بپرسـین: ئاخـۆ دژایەتیکردنیـان بۆ فـرەژنـی لەبەرئـەوەیە شـتـێکی خـراپە و لـە داتا و ئامـارەکـانی ئـاسـەوارە

زیانگەیێنەکانی ئاگەدارن، یان تەنیا لەبەرئەوەیە کە بەشێکە لە کولتووری ئاینی؟ ئەگەر پێیان وایە زیانەکانی زۆرن دەبێ لێکۆڵینەوەی مەیدانی و داتا و ئاماری پێویست لەو بارەوە پێشکێش بکەن (کە نەیانکردووە).. دەبێ لە پرۆسەیەکی بەراوردکاریدا پێمان بسەلمێنن کە زیانەکانی فرەژنی زۆر لە سوودەکانی زیاترن (ئامارێکی لەم جۆرەمان لێ نەبینیون. قسەی بێ بەڵگە و ئاماریش تەنیا هۆنینەوەیە). ئاخۆ لە بەرامبەر قەدەغەکردنی فرەژنی بەرنامەیەکی بەدیل و قابیل بە جێبەجێکردنیان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا پێیە کە باشتر لەوەی هەیە وەڵامی خواستە رۆحی و کۆمەڵایەتییەکانی پیاوان و ئافرەتانی ئێمە بداتەوە؟

بەداخەوە، نە ئەوەی بەرگریی لێ دەکا لە روانگەی زانین و ناسینی واقیعی کۆمەڵگەکە و گرفت و پێداویستییە بابەتییەکانی و، بوونی بەرنامەیەکی دەوڵەمەندەوە بۆ تەوزیفکردنی ئەو یاسایە لە حاڵەتی پەسندکردنیدا بەو شێوەیەی فرەژنی بە شێوەیەکی دروست نەک نادروست بەکار بهێنرێ، بەرگریی لێ دەکات، نە ئەوەی دژایەتیشی دەکات لە روانگەی لێکۆڵینەوەی ئەمبریقی و داتا و بوونی بەرنامەیەکی پێشکەوتووی قابیل بە جێبەجێکردن لەم زەوین و زەمانەدا، دژایەتیی دەکات. بابەتەکە بووە بە دەمامکێک بۆ ململانێ ئایدیۆلۆجی و عاتیفییەکانی پێکهاتەکانی نێو کۆمەڵگە.

***

ئەگەرچی بەشی هەرە زۆری ئەوانەی فرەژنی دەکەن بەدوای ئافرەتانی جوانتر و ناسکتر لە هاوسەرەکانیاندا دەگەرێن نەک بەدوای بێوەژنێکی خاوەن کڵفەت یان ئافرەتێک کە تەمەنی هەندێ هەڵکشابی یان جوانییەکی سەرنجراکێشی نەبێ، هەروەها ئەوەیش روونە فرەژنی بۆ زۆربەی کەسەکان کۆمەڵێ کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییی بەدوای خۆیدا دێنێ، بەڵام پێم وایە هەر چۆن بێ بوونی فرەژنی، ژمارەی بژاردە (ئۆپشن)ەکانی بەردەم تاکەکانی ژمارەیەک زیاتر کردووە و داخستنی ئەو دەرگەیە لە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیدا زیانی لە قازانجی زیاترە. رەنگە هەر لێرەیشەوە

بووبێ کە تا ئێستە پاڵپشتییەکی بەرچاوی لێ دەکرێ.

بەپێی ڕاپرسـیـیـەکی ڕێکخـراوی (پۆینت) بۆ ڕاپرسی و لێکۆڵینەوەی سـتراتیجی لە کوردستان، کە ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنییە و ئەمیر فەندی سەرۆکایەتیی دەکات و لە ئادار/مارسی ٢٠١٠ لە هەر پێنج پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکووک و مووسڵ بە بەشداریی هەزار کەس لە توێژ و تەمەن و چین و ئاین و مەزهەب و نەتەوەی جیاواز لەبارەی دیاردەی "فرەژنی"یەوە ئەنجامی داوە، دەرکەوتووە ٥٧,٢٪ی بەشداران لەگەڵ فرەژنیدا بوون، لە بەرامبەر ٣٩,٤٪ کە لەگەڵیدا نەبوون. هەروەها ٥٥,٨٪ دژ بە قەدەغەکردنی فرەژنی بوون لە بەرامبەر ٤٣,١٪ کە لەگەڵ قەدەغەکردنیدا بوون. ماڵپەڕی (ئاکانیوز) ١ نیسان/ئەپریلی ٢٠١٠.

هەروەها لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانیدا بە ناونیشانی "کەرکووک.. کچانی قەیرە خەم و خەونەکانیان دەخەنە ڕوو"، کە لە ٢٦ تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ٢٠١٠ لە (ئاکانیوز)دا لەبارەی دیاردەی "قەیرەیی"یەوە لە شاری کەرکووک، ئامادە و بڵاو کراوەتەوە، پەخشان عەلی /٤٦ ساڵ/ دەڵێ " لە تەمەنی لاویمدا زۆر کوڕی دەوڵەمەند و ماڵی باش دەهاتنە خوازبێنیم، بەڵام من هەموویانم ڕەفز دەکرد هەر دەمگوت بەشکوم کەسێک بێت زۆر لەمانە باشتر بێت، بەڵام لە پڕێکدا تەمەن تێ پەڕی، ئێستە زۆر پەشیمانم، هاوڕێکانی خۆم دەبینم هەموویان شوویان کردووە و منداڵیان خستووەتەوە، منیش بەتەنیا ماومەتەوە، دایک و باوکم کۆچیان کردووە و لە ماڵی برایەکم دەژیم".

ئەوەشی گوت "ئێستە هەر پیاوێک بێتە خوازبێنیم ڕازی دەبم شووی پێ بکەم تەنانەت ئەگەر ژنیشی هەبێت، بەس بەو مەرجەی ژنی یەکەمی ڕازی بێ، چونکە ژیانی تەنیایی زۆر ناخۆش و ئەستەمە".

بگرە لە هەندێ بارودۆخدا کە ئازادیی سێکسیش هەیە و گرفتی "تینوویەتیی زایەندی" لە ئارادا نییە، فرەژنی بە بژاردەیەکی باشتر لە ئازادیی دوور لە گرێبەستی یاسایی، کە مرۆڤ دەخەنە بەردەم بەرپرسیارێتیی

ئەخلاقی و فیزیکییەوە، دانراوە.

لە ئاب/ئۆگستسی ٢٠٠٩دا ڤلادیمێر جیرینۆفسکی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی رووسیا ئاشکرای کرد سالآنە ٣٠٠ هەزار منداڵی ناشەرعی و باوک نادیار لە رووسیا لەدایک دەبن و ژمارەی ئافرەتانیش لەو وڵاتەدا ١٠ ملیۆن لە ژمارەی پیاوان زیاترە و داوای کرد بەو هۆیەوە رێگە بە فرەژنی بدرێ.

جیرینۆفسکی گوتی "پێویستە بەپێی یاسا رێگە بە فرەژنی بدرێ و ئەم فرەیییەش مەرجدار بکرێ بە رەزامەندیی ژنە پێشووەکانەوە".

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی رووسیا نەشیشاردەوە خۆی بەتەمای مارەکردنی ٣ ژنە و کارەکەی تەنیا لەسەر رێگەپێدانی یاساییی ئەو حاڵەتە وەستاوە و گوتی "وڵات لە بەردەم مەترسییەکی گەورەی دیموگرافیدایە و سالآنە ٣٠٠ هەزار منداڵی ناشەرعی (زۆڵ) لەدایک دەبن و ژمارەی مێیینەکانی رووسیاش ١٠ ملیۆن لە ژمارەی نێرینەکان زیاترن، ئەمە تەنیا بە فرەژنی چارەسەر دەکرێ". لە ساڵی ٢٠٠٢یشدا پێشنیازی رێگەدان بە فرەژنی خرایە بەردەم پەرلەمانی رووسیا (دۆما)، بەڵام بە زۆرینەی دەنگ رەت کرایەوە. (بڕوانە ماڵپەڕی هەفتەنامەی ئاوێنە، لە ٢٤ ئابی ٢٠٠٩).

ئاخر هەقە بیر لە هەست و ژیانی دەیان و سەدان هەزار ئافرەت بکرێتەوە، کە کچن یان بێوەژنن و وەک هەر کەسێکی تر پێویستییان بە تێرکردنی ئەو غەریزە سروشتییە هەیە، کە هیچ ئاین و ئایدیایەک نەیتوانیوە نکووڵیی لێ بکات.

ئەوانەی کە دەڵێن ئایدیاکەمان چارەسەری بۆ گشت کێشەکانی کۆمەڵگە پێیە با بێنە پێشەوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن، بەڵام بەو مەرجەی نەڵێن تەنیا بە فرەژنی، چونکە فرەژنی نەک چارەسەری هەموو حاڵەتەکان و بگرە زۆربەشیان ناکات، تەنانەت هەندێ جار خۆی سەرچاوەی کێشەیە. چەند حاڵەتێکی سەرکەوتوو یان نیمچە سەرکەوتوو، کە کەسایەتیی کارەکتەرەکان یان دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتییان یارمەتیدەر بووە بۆ سەرکەوتنیان، ناکرێتە قاعیدە و بینای لەسەر بکرێ.

## بۆ ئافرەت تەنیا یاسا بەس نییە

زۆرجار رەخنە لە یاساكانی باری كەسایەتیی عێراقی، یان ناڕاستەوخۆ لە هەندێ لە حوكمەكانی شەریعەت سەبارەت بە مافەكانی ئافرەت دەگیرێ و بە بناغە و هۆكارێكی سەرەكیی چەوساندنەوەی ئافرەت لە كۆمەڵگەی كوردەواری لە قەڵەم دەدرێ، وەك مەسەلەی بەشە میراتی و شایەتیدان و چەند ژنە و.. هتد.

یاساكان و حوكمەكان هەر چۆن هەن، لێرەدا لەسەریان ناوەستم، چونكە رەد و بەدەڵی لایەنگران و نەیارانی یاسا و حوكمەكان لەو بارەوە مێژووییەكی دێرینی هەیە و هەردوولا قسەی زۆریان لەو بارەوە كردووە و پێشم وا نییە هیچ لایەكیان بەو ئاسانییە بە بەڵگەكانی بەرامبەر قایل بن، بۆیە كێشەكە هەروا بە كراوەیی دەمێنێتەوە.

لێرەدا مەبەستمە بڵێم: ئێمە گەر كەمێك لە جەدەلی تەجریدی و زەینی لەسەر ناوەڕۆكی ئەو یاسا و حوكمانەی هەن و لە دادگەدا كاریان پێ دەكرێت و هەروەها لەو گریمانە پێشوەختەی كە پێمان وابێ تەنیا بوونی یاسای لەبار و گونجاو بەسە بۆ چارەسەری كێشەكانی ئافرەت لە كۆمەڵگەی ئێمەدا، دوور بكەوینەوە و لە سروشتی پێكهاتە و سیستمی كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگەی كوردەواری و شوێنی ئافرەت و مافەكانی لەو كۆمەڵگەیەدا رامێنین، پێم وایە دوو ڕاستیمان بۆ دەردەكەوێ، كە كێشەی دەستەویەخە و پلە یەكن لە خشتەی كێشەكانی ئافرەتانی ئێمەدا و گەرەكە سەرەتا لەوێوە دەست پێ بكەین:

یەكەم: هەموو كێشەكان بە یاسا و دادگە چارەسەر ناكرێن، چونكە لە

کۆمەڵگەی کوردیدا چوونە دادگە، بەتایبەت لە کێشەی نێوان هاوسەراندا، خۆی لە خۆیدا بە جۆرێک لە نەنگی و عەیبە و ئاڵۆزکاری، بەتایبەتی بۆ ئافرەت، سەیر دەکرێ، لەبەرئەوە تەنیا ئەو کێشانەی زۆر گەورە دەبن و لایەنەکان لە دەرەوەی دادگە پێیان چارەسەر ناکرێن، دەبرێنە دادگە و ئاکامەکەشیان زۆرجار بەزیاتر لێک دوورکەوتنەوەی دوو لایەنەکە بەکۆتا دێ. دەگمەنە ژن و پیاوێک چووبنە دادگە و دواتر ژیانێکی باشتر لە پێش چوونە دادگە ژیابن، بگرە زۆرتر وا دەبێ کە یەکەم چوونە دادگا سەرەتا دەبێ بۆ دووەم و سێیەم جار چوونەوە بەردەم دادگە و سەرەنجام لێک جیا بوونەوە.

جا لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئافرەت هەم لە رووی ئابوورییەوە پشت بە پیاو ببەستێ و هەم لە رووی داوونەریتی کۆمەڵایەتیشەوە ئاسایی نەبێ بەتەنیایی بژی، یان دەبێ بەو وەزعە دژوارەی خۆی رازی بێ، یان دەبێ بچێتەوە ماڵی باوکی، برای، مامی یان خزمێکی، کە ئەمەیش لە رووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵێ کێشەی لە دوایە، یان دوور نییە بەناچاری و بە نابەدڵی مێرد بە پیاوێکی تر، رەنگە پیریش، بکات تا ژیانی دەستەبەر بکات و کەرامەت و سومعەی پارێزراو بێ.

لەبەر هەموو ئەمانە ئافرەت لە ئاست چەندان ناهەقی کە بەرامبەری دەکرێ بێدەنگ دەبێ، چونکە دەزانێ دەنگ هەڵبڕین و گەیشتنە دادگە جگە لەوەی دەنگدانەوەی باش نابێ، بارودۆخەکەی زیاتر لێ ئاڵۆز دەکات و ژیانی لێ تێک دەدات.

خۆ ئەگەر باس لە ئافرەت بکەین وەک کچ و خوشک و.. هتد، دەبینین رەوشەکە خراپتر دەکەوێتەوە، چونکە ئەگەر ژن و مێرد بوار بۆ لێک جیابوونەوەیان هەبێ، لە حاڵەتی ئەماندا ئەو بوارەش نییە و دەگمەنە روو بدات کچێک بچێتە دادگە و شکات لە برای، مامی یان باوکی بکات لەسەر ئەوەی ئەزیەتیان داوە یان مافیان پێشێل کردووە، چونکە هەر سکالاکردنەکە خۆی دەبێتە تاوانێکی تری کۆمەڵایەتی کە لێخۆشبوونی نابێ و ئەنجامی خراپی بەدواوە دەبێ. لەبەرئەوە دەیان حاڵەت و وێنەی چەوساندنەوە و

ئازاردان و حەیف پێکردن لە سێبەردا و لەناو خێزانەکاندا بەرامبەر ئەو ئافرەتانە روو دەدات بێ ئەوەی یاسا هیچی بۆ رێ لێگرتنیان پێ بکرێ.

چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتانە پێویستی بە بەرنامەیەکی پەروەردەیی هەیە کە هەستی ئینسانییەت و مرۆڤدۆستی لە دەروونی تاکەکاندا، مەبەست زیاتر رەگەزی زاڵە، بەهێز بکات بە شێوەیەک سڵ لە چەوساندنەوەی ئافرەت (هاوسەر، کچ، خوشک..) بکاتەوە.

پێم وایە هۆشی ئاینیی کراوە و هۆشمەند لە وڵاتی ئێمەدا دەتوانێ لەو بوارەدا دەوری باش بگێرێ، جەخت لەسەر "هۆشمەندی"ی کەسی دیندار دەکەمەوە، چونکە گەر هۆشە دینییەکە پێگەیشتوو نەبێ نەک ناتوانێ رێ لە روودانی ستەم بگرێ، بگرە دەکرێ خۆی ببێ بە یەکێ لە پاڵنەرەکانی ستەم، ئاخر لەوانەیە کەسێکی دیندار رێ بە خوێندنی کچەکەی نەدات و بەندکردنی لە ماڵەوە بە دینداری بزانێ، یان بە مافی شەرعیی خۆی بزانێ بەبێ پرسکردن بە کچەکەی، بە هەر کەسێکی بدات کە خۆی رای لێیەتی، بۆ شەرعیەتدان بەوەیش کەم نین ئەو شەرعناسانەی پاساوی بۆ بتاشن، ئەوەتا بەدرێژاییی سەدان ساڵ و تا ئێستەیش شەرعیەتیان بە چەندان جۆری ژن و ژنخوازی داوە کە لە سایەیاندا ستەمی ئاشکرا لە ئافرەت کراوە و دەکرێ، لەوانە بەخشینی کچ وەک خوێن لە سوڵحی عەشایریدا کە بەو هۆیەوە زۆربەی جاران تا دەمرێ لەلایەن ماڵە خەزوورانی (خاوەن خوێن) ئەشکەنجەی دەروونی دەدرێ. هەروەها بەشوودانی کچ لە بێشکەدا یان بە منداڵی و بەبێ پرسی خۆی. هەموو ئەمانە لەلایەن عەقڵی ئاینییەوە نەک بەرەنگاری نەکراون بگرە رەوایان پێ دراوە.

لەبەرئەوە گەرەکە لەگەڵ بەهێزکردنی هۆشی ئاینیدا ئاستی هۆشیاریی گشتیش بەرز بکەینەوە.

دووەم: یەکێک لە کێشەکانی کۆمەڵگەی ئێمە جێبەجێنەکردنی یاسایە، کە ئەمە رەنگدانەوەی لەسەر مافەکانی ئافرەتیش بووە. ئاخر هەر ئەوە بەس نییە

یاسا لە دەقێکی تیۆریدا لەسەر کاغەز یەکسانی بۆ هەموو هاوولاتییان دەستەبەر بکات، بگرە شان بەشانی ئەوە دەبێ هۆشیارییەکی یاسایی ئەوتۆیش لە کۆمەڵگەدا هەبێ کە وا لە هاوولاتی بکات پابەندی ئەو یاسایانە بێ، هەروەها گەر کەسێک مافی پێشێل کرا هۆشیاریی ئەوەی هەبێ بۆ سەندنەوەی مافی خۆی پەنا بۆ یاسا و دادگە ببات.

بەشێکی گەورە لە مافەکانی ئافرەت بەهۆی نەبوونی ئەم هۆشیارییە یاساییە و جێبەجێ نەکرانی یاساکانەوە زەوت کراون، ئەویش بۆ ئەو سیستمە کۆمەلایەتییە دەگەڕێتەوە کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا باوە و لە زۆر ئادگاریدا زەق لەگەڵ شەرع و یاسادا ناکۆکە و بۆ خۆی بووەتە شەرع و یاسایەکی تۆمارنەکراوی کارپێکراو.

بۆ نموونە: شەرع و یاسا سووکایەتیکردنی رۆحی و جەستەییی بە ئافرەتیان قەدەغە کردووە، بەلام بینیمان ئافرەت لەسەر گومانێک لووتی دەبڕدرێ و یاساش هیچی بۆ ناکات. لای ئیسلام سزای زیناکردن بۆ ئافرەت و پیاو وەک یەکە، کەچی ئێستا پیاوی شەرواڵپیس هەموو دەیناسن و بزەی سمێڵی دێ بێ ئەوەی کەس لە گوڵێ کاڵتری پێ بڵێت، کەچی هەندێ ئافرەت لەسەر گومانێک دەکوژرێن.

شەرع و یاسا مافیان بە ئافرەتی بێوەژن داوە مێرد بکاتەوە، کەچی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، بە تایبەت لەناو هەندێ خێڵدا، شووکردنەوەی ئافرەتی بێوەژن، بەتایبەتی گەر هەندێ تەمەنی هەبێ، یان خاوەن منداڵ بێ، بە نەنگییەکی گەورە دەزانرێ، لە کاتێکدا ئەو ئافرەتانە لە نەبوونی هاوسەرێکدا هەست بە بۆشایی و نادڵنیاییەکی گەورە لە ژیانیاندا دەکەن و حەسرەت هەڵدەکێشن، بەلام دەست و پێیان بەستراوە و هیچیان بۆ گۆڕینی ئەو ژیانەیان پێ ناکرێ. رەنگە کەس نەبێ ئافرەتێکی لەو جۆرە شک نەبات.

لەبەرئەوە هەزاران ئافرەتی لاو بە بێوەژنی تەمەن تەواو دەکەن و بەتەنیایی پرچی سپی دەهۆننەوە. شەرع دانی بە هیچ بەربەستێکی کۆمەلایەتیی

هۆزایەتی یان چینایەتی یان پلە و پایەدا نەناوە کە ڕێگە لە بەیەکگەیشتنی کوڕ و کچێک بگرێ، بەڵام بە کردەوە هەندێ هۆز و بنەماڵە ڕێ بە کچانیان نادەن مێرد بە کورانی دەرەوەی هۆز یان بنەماڵەکەی خۆیان بکەن. یان هەندێ هۆز کە نەریتی ژن بە ژنیان هەیە پیاو چەند کچ یان خوشکی هەبێ ئەوەندە ژنیان لە بەدەلدا دێنێ و ئەو ئافرەتانەی نێرینەی مەحرەمیان نییە ژن بە ژنیان پێ بکەن بەبێ مێرد دەمێننەوە. شەرع و یاسا مافی خوێندنیان بە ئافرەت داوە، بەڵام خەڵکانێک هەن ئەم مافەی لێ زەوت دەکەن.

خەڵکانێک هەن دەڵێن بۆچی ئافرەت لە میراتدا نیوەی پیاوی بەردەکەوێ، بەڵام قەت ناپرسن ئەی بۆچی کۆمەڵگە تەنانەت ئەو نیوەیەشی ناداتێ و بۆیشی چووەتە سەر؟ ئێستا بە کردەوە کوڕان میراتگری باوکانن و کەم ڕێک دەکەوێ ئافرەت نیوەکەی خۆیشی بدرێتێ. تۆ وەرە مەردبە نیوەکەی بۆ بگێڕەرەوە، ئەوجا بڵێ ئەو نیوە کەمە.

زیاد لەوە، وەک لە خاڵی یەکەمدا باس کرا، ئافرەت خۆیشی لە ئاست زەوتکردنی مافەکانیدا بێدەنگە، چونکە لەلایەک یاسا ئەو هێزەی نییە هەموو جارێ مافەکانی بۆ بگێڕێتەوە و دواتریش گەرەنتیی ژیانێکی سەربەرزانەی دوور لە ترس و سووکایەتی بۆ بکات، لەلایەکی ترەوە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەیش ئەو هەڵوێستەی قورس لەسەر حیساب دەکات و دواتر باجەکەی دەدات. لەبەرئەوە ڕازیبوون بە وەزعی ئارای پێ چاکترە لە خراپتربوونی دۆخی ژیانی خۆی بەهۆی پەنابردنە بەر یاساوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ گەشبین بین، چونکە گۆڕانکاریی ئیجابیش رووی داوە، تا ئاستی هۆشیاریی گشتییش بەرزتر بێتەوە کێشەکان کەمتر دەبنەوە.. ئەوەتا جاران خوێندنی ئافرەت دەگمەن بوو، ئێستا نەخوێندنی دەگمەنە، جاران نەک تەنیا کچ زۆرجار کوڕیش لە هەڵبژاردنی هاوسەریدا پرسی پێ نەدەکرا، ئێستا کچیش پرسی پێ دەکرێ و حیسابی بۆ دەکرێ. جاران هاتنە دەرەوە و کارکردنی ئافرەت دەگمەن بوو ئێستا خوێندنگە و فەرمانگە و ڕێکخراوەکان لە ئافرەتان جمەیان دێ. بەپێی توێژینەوەیەک کە

لەم سالانەی دواییدا لە زانکۆی سەلاحەدین لەسەر هەزاران ئافرەت هاتە ئەنجامدان دەرکەوت پتر لە ٨٠٪یان قوتابی یان کارمەندن.

ئاماژەیەکی تری ئومێدگەیێن لەو رووەوە ئەوەیە ئێستە تەنانەت چەمکی "ماڵەوە" یان "چوار دیواری ماڵ"یش گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ماڵەوە چیی تر خانەی نەزانی و دابڕان لە دنیای دەرەوە نییە کە ئافرەت سەروساختی تەنیا لەگەڵ چێشتخانە و کەرەستەکانی پاککردنەوەی ماڵدا بێ، چونکە بەهۆی پێشکەوتنەکانی بواری تەکنەلۆجیای زانیارییەکان و ئینتەرنێتەوە ماڵەکان راستەوخۆ بە رووی دنیای فراوانی دەرەوەدا کراونەتەوە، یان وردتر بڵێین دنیا هاتووەتە نێو ماڵەکان. ئێستە هەر ماڵێک بۆ خۆی بووەتە زانکۆ و فێرگەیەک، تۆ دەتوانیت بێ ئەوەی لە ماڵەوە بێیتە دەرەوە، بە پشتبەستن بە کتێب و رۆژنامە و گۆوار و رادیۆ و تەلەڤزیۆن و سەتەلایت و ئینتەرنێت ببیتە رۆشنبیر و زانا و فەیلەسووف و خاوەن بروانامەی زانستی. بگرە ئێستا ماڵەوە باشترین جێیە بۆ پێگەیشتنی مرۆڤ بەو مەرجەی کەرەستەی پێویستی لە بەردەستدا بێ.

## ستەمکردن لە پیاو "ژنسالاری"

زۆرجار بەهۆی ئەو ستەمە زۆرەی لە ستەملێکراو دەکرێ، ستەمێکی تر روو دەدات، ئەویش ستەمە لە ستەمکار، چونکە مەرج نییە تەنیا ستەمکار بەرپرسیاریتیی هەموو ستەمەکان بگرێتە ئەستۆ، هەروەک مەرج نییە ستەمکار بەهەمیشەیی ستەمکار و ستەملێکراویش بەهەمیشەیی ستەملێکراو بن، بگرە دەکرێ لە هەندێ لە برگە زەمەنییەکاندا ئەو دوو کارەکتەرە جێگۆڕکێ بە پێگە (لۆکەیشن)ەکەیان بکەن، واتە لەو برگەیەدا ستەملێکراو ستەمکار و ستەمکار ستەملێکراو بێ.

بۆ نموونە ڕێژیمی سەدام حوسێن تا بڵێی ڕێژیمێکی دڕندە و ستەمکار بوو، بەڵام بەشداریکردنی هێزە کوردییەکان لە هێرشکردنە سەر لوولە نەوتەکانی کەرکووک و داگیرکردنی هەڵەبجەدا، ئەو ڕێژیمەیان شێتگیرتر کرد و وایان لێ کرد هەردوو تاوانی گەورەی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە ئەنجام بدات، لەوەدا کورد، کە هەردەم لایەنی ستەملێکراو بووە لە هاوکێشەکەدا، بەجۆرێک لە جۆرەکان لەو برگە زەمەنییە و لەو ڕووداوەدا بوو بە شەریکەبەشی ستەمکار کە لێزمە و بیانووی بەدەستەوە دا و زەوینەی بۆ ئەنجامدانی ئەو دوو تاوانە گەورەیە ساز کرد، کە ڕەنگە بەبێ ئەو لێزمەیە سەدام وا بەئاسانی کاری وای نەکردایە. لێرەدا سەدامی ستەمکاریش بە ئەنجامدانی ئەو ستەمە، کە وێنەی دزێوی ڕێژیمەکەی زۆر دزێوتر کرد، لەلایەن ستەملێکراوەکانەوە ستەمی لێ کرا، چونکە گەر ئەوان نیشانەکەیان بۆ نەنایەتەوە، ئەویش قەرەوڵ (سێرە)ی لە نیشانەکە نەدەگرت.

پیاو هەموو کات وەک لایەنی ستەمکار لە ژیانی هاوبەشی نێر و مێدا ناوی

ڕۆیشتووە، ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە و بەڵگەکان لەسەری لەوە زۆرترن پێویست بە سەلماندن بکات، هیچ نا لەبەرئەوەی پیاو لە ڕووی فیزیکییەوە لایەنی بەهێزە لە هاوکێشەکەدا و ئامرازی سەرکوتکردنی بەدەستە و بۆ سەپاندنی باڵادەستیی خۆی سوودی لێ دەبینێ. دیارە بە دەست ئافرەتیشەوە بوایە بە هەمان شێوە سوودی لێ دەبینی.

بەڵام ئاخۆ ئەو هێزە فیزیکییە تەنیا سەرچاوەی هێز و باڵادەستییە لەو ململانە چارەنووسسازە گەردوونییەی ژن و پیاودا، کە بەهۆیەوە پیاو ستەمکار و ژن ستەملێکراوە؟ یان شێوەی تر لە هێزی نافیزیکی هەن، کە لای ئافرەتن و ئەویش قسوور ناکات لە سوود لێ بینینیان بۆ سەپاندنی باڵادەستیی خۆی و جێگۆڕکێکردن بە هەردوو کارەکتەری باڵادەست/ژێردەست، بەهێز/لاواز، ستەمکار/ستەملێکراو؟

لە کتێبی "مافی ئافرەت لە نێوان ڕەگەزسالاری و مرۆڤسالاریدا، ١٩٩٧" بیرۆکەیەکم خستە ڕوو، بەپێی ئەو بیرۆکەیە ئەگەرچی سەرچاوەی هێزی پیاو هێزی جەستە و عەقڵە، لانی کەم وەک لە واقیعدا وا چەسپیوە، ئەوا هێزی ئافرەت سۆزە، کە هێزێکی ناوەکییە و بارتەقای هێزە دەرەکییە فیزیکییەکەی پیاوانە و هەندێ جار بەسەریشیدا زاڵ دەبێ. لە ڕێی ئەو هەستەوە ئافرەت جێی خۆی لە ناخی پیاودا دەکاتەوە و لە ناوەوە بۆ بەرژەوەندیی خۆی دەیبزوێنێ و ئاراستەی دەکات. وەک دەبینین فرمێسکی ئافرەت کاریگەریی سیحری لەسەر هۆش و کاردانەوەی پیاو هەیە و وەک ئاو بەسەر ئاگردا بکەیت داخبوونەکەی سارد دەبێتەوە و زۆرجار ملکەچی بۆچوونەکەی ئافرەت دەبێ.

ئەم سیحر و هێزە مەعنەوییەی ئافرەتان لەسەر پیاوانیان هەیانە (باسەکە لێرەدا باسی ژن و مێردە زیاتر) بە ئاشکرا لە زۆربەی هەرە زۆری خێزانەکاندا دەیبینین. دەبینین پیاوان چۆن گوێ بۆ قسەی ژنەکانیان دەگرن، ئەمیش نەک لە ترسی باسک و بازوویان بگرە بەهۆی ئەو هێزە ڕۆحییەی هەیانە. هەر لێرەوەیە لە کوردەواریدا چەندان نوکتە و پەندیش لەو بارەوە

وتراوە، وەک دەوترێ "ژن هەسانی پیاوە"، "فلانە پیاو ژناغایە" واتە ژنەکەی ئاغایەتی یان لە هەولێر دەڵێن "ئۆمەرە" واتە گوێڕایەڵی ژنیەتی. یان دەپرسن لە پیاو لە چ عەشیرەتێکی؟ دەڵێ "هێشتا ژنم نەهێناوە"، واتە کە ژنی هێنا سقوت عەشیرەت دەکات و دەبێتە هەڵگری ناوی عەشیرەتی هاوسەرەکەی. ئەمە زێدەڕۆییەکە کە نیشانی دەدات پیاوان چەندە هۆگری هاوسەرەکانیانن. یان دەوترێ "کام پیاوەی پیاوان لەبەری دەلەرزن، لە ژنەکەی دەترسێ".

هەموو ئەمانە بەڵگەی ئەوەن ئافرەت بەو شێوەیەش کۆیلە نییە لە ماڵەکاندا کە لە میدیاکان و ناو کتێبەکاندا وێنا دەکرێ، هەروەها پیاویش ئەو دیکتاتۆرە دڵئاسنینە سەرسەختە نییە کە خۆی کول فیکول بێ و گوێ بە قسەی ژنی یان ماڵ و منداڵی نەدات. لە پشت ئەو دەسەڵاتە رواڵەتییە بەرچاوەی پیاواندا لە خێزانەکان و کۆمەڵگەدا دەسەڵاتێکی نابەرهەست و بەهێزی ئافرەتانیش وجوودی هەیە و کاری خۆی دەکات. ئەوە نییە وتراوە "لە پشت هەموو پیاوێکی گەورەوە ئافرەتێک هەیە". ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر کە دەڵێ "بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایە"، بەڵگەیەکی تری رۆڵی سەنتەرییانەی ئافرەتە لە ماڵ و ژیاندا.

جگە لەم رۆڵە ئاساییەی خۆڕسکانەیە کە ئافرەت لە ژیانی هاوبەشی لەگەڵ پیاواندا دەیبینێ، ئەوە کە ئەرک و خەرجی ماڵداری بە زۆری لەسەر پیاوانە و لە هەر تێکچوونێکی ماڵدا پیاو زۆرترین زیانی بەردەکەوێ، چ لە دروستکردنەوەی ماڵێکی تردا و چ لەو بەرەنجامە کۆمەڵایەتییانەی بەهۆی تەڵاقدانەوە ڕووبەڕووی منداڵەکان دەبنەوە، پیاوان ناچارن چاو لە زۆر لە بڕیار و ویستەکانی خۆیان لە بەرامبەر ئافرەتاندا بپۆشن و سازشیان بۆ بکەن، ئەمەیش وا دەکات هەندێ لەو ئافرەتانە زیاد لە رادەی ماقووڵ پێی لێ رابکێشن و ستەم لە پیاوان بکەن، بەتایبەت کە گەورەبوونی منداڵەکان و بەتایبەتتر کوڕەکان دەبنە پاڵپشتێکی تر بۆ دایکیان و گلۆڵەی پیاوەکە زیاتر دەکەوێتە لێژی. لێرەوە کورد وتوویەتی "دایکی کوڕان، پیاویان تڕان".

ئەم هێزە فرە ڕەهەندەی ئافرەتان بەبێ ستەمکردن لە پیاوان تێ ناپەڕێ.

بەپێچەوانەوە زۆرجار پیاو لە سایەی ئەو دەسەڵاتەدا دەبێتە کۆیلە و ژنەکە دەبێتە حاکمی بێ ئەملا و ئەولای ماڵ و حاڵ.

ئەم ستەمکارییە هەندێ جار تەنانەت سنووری ستەمێکی مەعنەوی تێ دەپەڕێنێ و هاوشێوەی توندوتیژییە پیاوانەکان دژ بە ئافرەتان، ئافرەت توندوتیژیی فیزیکی دژ بە پیاو بەکار دێنێ، لەوانە کوشتنی مێرد. ئەوە بوو دوای ئەوەی شەوی ٢٢/٢٣ تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ٢٠٠٩ لە گوندی (گرمەسوک)ی سەر بە ناحیەی سیدەکانی قەزای سۆران، لە رووداوێکی تەمومژاویدا هاووڵاتییەک بەناوی (مەغدید رەفعەت)، ٢٨ ساڵان، لە ماڵەکەی خۆیدا بە چەقۆ کوژرا، پۆلیس لە رووداوەکەیان کۆڵییەوە و بۆیان دەرکەوت ژنەکەی خۆی بەناوی (ک) بکوژی هاوسەرەکەی بووە و لە ٢٤ی هەمان مانگدا نەقیب جەوهەر حاجی سلێمان بەڕێوەبەری پۆلیسی ناوشاری سیدەکان بە پیوکەی میدیای راگەیاند کە هاوسەری قوربانییەکە لە لێکۆڵینەوەدا دانی بە تاوانەکەیدا ناوە کە ئەو بکوژی مێردەکەیەتی و بەچەقۆ ملی مێردەکەی بڕیوە.

رووداوی ناسراوێکی نێزیک شک دەبەم ژنەکەی بە کێرد لە کەلەکەی مێردەکەی دا و لە دەرگەی مەرگدا گەڕایەوە. لە هەشتاکاندا لە ناحیەیەکی ناوچەی شارەزوور ژنێک و دۆستەکەی مێردی ژنەکەیان خنکاند و دۆستەکەی چووە ناو پێشمەرگە و پەنایان دا.

لە ١٢ی کانوونی دووەم/یەنایەری ٢٠١٠دا بورهان عەلی فەرەج سەرۆکی یەکەتیی پیاوانی کوردستان بە (ئاکانیوز)ی راگەیاند لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا رێکخراوەکە ١٤٥ حاڵەتی توندوتیژیی تۆمار کردووە کە ئافرەتان بەرامبەر پیاوان ئەنجامیان داوە و حاڵەتەکان توندوتیژیی جەستەیی، دەروونی، ئابووری و سێکسی لەخۆ دەگرن.

ئەو ژنە ئێرانییەی لە ساڵی ٢٠٠١دا ئێران سزای بەردبارانکردنی بۆ دەرکرد و دنیا لەسەری هاتووەتە جواب، لەگەڵ دۆستەکەیدا بەشێوەیەکی زۆر دڵڕەقانە مێردەکەی کوشت، کە سەرت سوڕ دەمێنێ ئافرەتێک هێندە بێ سۆز

و بەزەیی بێ.

سەکینە محەمەدی ئاشتیانی تەمەن ٤٣ ساڵ، ٥ ساڵ بەر لە ئێستە بەهاوکاریی پیاوێک بەناوی (عیسا تاهیری) هاوسەرەکەی خۆی بەناوی (ئیبراهیمی قادری) بەکارەبا کوشت و دواتر سەردانی پۆلیسی کرد و دانی بەتاوانەکەی خۆیدا نا. هەروەها دانی بەوەدا نا کە پێوەندیی ناشەرعیی لەگەڵ عیسادا هەبووە و هەر بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٦دا دادگەی ئێران بڕیاری بەردبارانکردنی دەرکرد و دواتر سزاکەی بووە لەداردان، بەڵام تا ئێستە ئەو سزایە جێبەجێ نەکراوە.

بەگوتەی سەکینە خۆی، ناوبراو هاوسەرەکەی بە سرنجێک بێ هۆش کردووە، دواتر عیسا هاتووەتە ماڵەکەیان و وایەری کارەبای لە قۆڵ و پشتی ئیبراهیم بەستووە و پاش ٧ جار کارەبا لێدان دواتر ناوبراو گیانی لەدەست داوە.

هیلاری کلنتۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەو وڵاتەدا، کە لەگەڵ باراک ئۆبامای سەرۆکی ئێستەی ئەمەریکا بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتیی حزبەکەیان (حزبی دیموکراتی) بۆ بوونە کاندیدی حزب لە ڕکابەرییەکەدا، راشکاوانە گوتی "ئەگەر ئێران هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل، ئەوا وڵاتەکەی بە بۆمبی ئەتۆمی تارانی پایەتەختی ئێران لەسەر نەخشە دەسڕێتەوە".

چۆن دەکرێ ئافرەتێک، لانکە و هێمای سۆز و خۆشەویستی و ناتوندوتیژی بێ، هاوکات لەنێو کۆمەڵگەیەکی لیبراڵ و پێشکەوتوو و مرۆڤدۆستدا بژی، جگە لەوەیش سەرکردەیەکی سیاسیی گەورەی بەهێزترین و پێشکەوتووترین وڵاتی دنیا بێ و کاندیدی سەرۆکایەتی بێ، بەهۆی هەڵوێستێکی سەرکردایەتیی سیاسیی ئێرانەوە ئا بەو زمانە نێر و دڕندانە دژ بە ژیان و بەهای ملیۆنان کەسی تارانی بێتاوانەوە بدوێ، کە هیچ تاوانێکیان نەکردووە تا شایانی ئەوە بن خاتوو کلینتۆنی ژن و جینسی لەتیف لەبەر خاتری

بەرژەوەندییە سیاسییەکانی دۆستی دێرینی خۆی (ئیسرائیل) کە دیوی دووەمی ئەمەریکایە، بکرێنە خۆڵەمێش.

لێرەوە ئینساف نییە ئێمە هەموو کات پیاو وەک "شەیتان"ێکی ملهوڕ و ئافرەتیش وەک "فریشتە"یەک وێنا بکەین وەک ئەوەی بەردەوام هەر پیاو دەستدرێژکار و ئافرەت پەپوولەیەکی بێ گوناه بێ. لە کۆمەڵگەی ئێمە و غەیری ئێمەیشدا ئافرەتیش ئەو کەسایەتییە لاواز و ناکارا و بەستەزمانە نییە کە توانای دەستپێشخەری و دەستدرێژی و سەرێشە دروستکردنی نەبێ بۆ پیاو، بەتایبەتی کە هاوکێشەی پێوەندیی ژن و مێرد - بەتایبەتی- تەنیا ئەو دوو هاوسەرە دیناڕێژن و کارەکتەری ململانەکە نین، بگرە کەسانی تری نێزیک و دووری هەردوولایش دێنە سەر خەت و زۆرجار وا دەکەوێتەوە ئافرەت دەبێتە ستەمکار. لەناو خێزانەکانی کوردستاندا دەیان و سەدان حاڵەت دەبینیتەوە کە ئافرەت هێزێکی مەعنەویی گەورەی بەدەستە و ئەو بووەتە بکەری یەکەم لە خولقاندنی هاوکێشەکاندا و لە باتیی ئەوەی - بەپێی بۆچوونە تیۆرییەکان- ئافرەت عەوداڵی دەروو کرانەوە و فریادڕەسێک بێ، پیاوەکە بۆ فریادڕەسێک دەگەڕێ و بە دەست ڕەگەزەکەی ترە گیری خواردووە.

بەرقەرارکردنی دادگەری و مرۆڤایەتی لە پێوەندیی نێوان هەردوو ڕەگەزدا، بەوە نابێ هەوڵ بدەین پیاوسالاری بە ژنسالاری بگۆڕین و جێگۆڕکێ بە کارەکتەرەکانی "ستەمکار" و "ستەملێکراو" بکەین، چونکە بەو کارە ستەم لەسەر مرۆڤێک هەڵدەگرین و دەیکەینە گەردنی مرۆڤێکی تر.

چارەسەر نە لە ژنسالاریدایە و نە لە پیاوسالاریدا، ئەو دووانە هەردووک ماکی ستەم و ناعەدالەتییان لە ناخیاندا هەڵگرتووە، بگرە چارەسەر لە مرۆڤسالاریدایە.

پێڕست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | 5 |
| ئافرەت وەک خۆی | 9 |
| دەقەکانی ئاین و توندوتیژی دژ بە مێیینن | 38 |
| فرەژنی و لەشکرِی | 44 |
| فرەژنی لە نێوان دەرد و دەرماندا | 50 |
| بۆ ئافرەت تەنیا یاسا بەس نییە | 56 |
| ستەمکردن لە پیاو "ژنسالاری" | 62 |